زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University - Erbil

# ئامێرە فوداره كوردییەكان لەشاری هەولێر بلور و بالەبان و شمشاڵ و زورنا وەک نمونە.

ئاراستەكراوە
بۆ ئەنجومەنی بەشی موزیک
وەک داواکارییەک بۆ بەدەستهێنانی بڕوانەمەی بەکالۆریۆس لە زانستی موزیک

ئامادەكردنی قوتابی
**سرود حاتم حسن**

بەسەرپەرشتی
**م. هەژار احمد مستەفا**

٢٠٢٣-٢٠٢٤
هەولێر

## واژووی سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( ئامێرە فودارە کوردییەکان لە شاری هەولێر بلور و بالەبان و شمشاڵ و زورنا بە نمونە) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستەکانی موزیک، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی مندا، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆ سەلاحەدین ئەنجام دراوە. بۆیە لەخوارەوە واژووم کردوە.

**واژوو:....................**

**م. هەژار احمد مصطفى**

**ڕێکەوت    /    / ٢٠٢٤**

## پێشکەشە بە:

1 -خانەوادەکەم.

2 -هونەرمەندانی بواری موزیک و گۆرانی لە هەرێمی کوردستان

3 -مامۆستایان و قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان لە کوردستان.

4 -هاوڕی و هاوپۆلەکانم لە کۆلێژ کە لە ماوەی جوار ساڵی خوێندن لە یەکتر فێری زانست و زانیاری بووین.

## سوپاس و پێزانین

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بە پێویستی زانی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی ئەم کەس و لایەنانەی خوارەوە بکات کە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ بونە سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە.

١- مامۆستایانی بەشی موزیک لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان کە لە ماوەی چوار ساڵی خوێندن، زانست و زانیاریان فێر کردووم.
٢- سەرجەم ئەو هونەرمەند و ئامێر ژەن و کەسایەتییە هونەرییانەی، کە بەژداری چاپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوەیان کرد و زانیاری بە سوودبەخشیان بۆ توێژینەوەکە زیادکرد و بوونە سەرچاوەیەکی زیند و بۆ توێژینەوەکە.
٣- سەرپەرشتیاری توێژینەوە کە لە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوە ڕێ نیشاندەر بوو.

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لاپەڕەی بەرگ | 0 |
| واژووی سەرپەرشتیار | 2 |
| پێشکەش | 3 |
| سوپاس و پێزانین | 4 |
| ناوەرۆک | 5 |
| پوختەی توێژینەوە | 7 |
| **پێشەکی** | 8 |
| بەشی یەکەم چوارچێوەی بابەتی توێژینەوە | 9 |
| کێشەی توێژینەوە | 10 |
| گرنگی توێژینەوە | 11 |
| ئاستەنگەکانی توێژینەوە | 12 |
| ئامانجی توێژینەوە | 12 |
| شێوازی توێژینەوە | 12 |
| سنوری توێژینەوە | 13 |
| **نمونەکانی توێژینەوە** | 13 |
| توێژینەوەکانی پێشوو | 13 |
| پێناسەی زاراوەکان | 14 |
| بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە | 16 |
| کورتەیەکی مێژوویی شاری هەولێر | 17 |
| پوختەیەک لە جوگرافیای هەولێر | 21 |

| | |
|---|---|
| 23 | بەشی سێیەم شیکردنەوەی ئامێرەکان لە ڕووی مێژوویی و پێکهاتەیان |
| 24 | مێژووی ئامێرە هەواییەکان |
| 24 | پێناسەو مێژووی ئامێرە فودارەکان لە شاری هەولێر |
| 30 | ئامێری باڵەبان |
| 33 | ئامێری شمشاڵ |
| 39 | ئامێری زوڕنا |
| 41 | هەندێک لە زوڕنا ژەنانی شاری هەولیر |
| 45 | دەرئەنجام |
| 45 | **ڕاسپاردە** |
| 46 | پێشنیار |
| 46 | لیشتی سەرچاوەکان |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بۆ خستنەڕوی زانیاری دەربارەی ڕۆڵی ئامێرە فودارەکان شاری هەولێر ئامادە کراوە، بێگومان ئەم ئامێرانە لە کۆنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێگەی تایبەتی خۆیان هەبوو و تاکو ئێستاش بەردەوامە. بۆیە توێژەر دوای هەستکردن بە گرنگی بابەتەکە، بە پیویستی زانی کە ئەم توێژینەوە وەک یەکەمین توێژینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەنجام بدات.

توێژینەوەکە بێجگە لە لاپەرە بەراییەکان، لە چوار بەش پێکدێت.

**بەشی یەکەم:** وەک ئاشکرایە پێکدیت لە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکە، لە گرنگی، ئاستەنگ، ئامانج، شێواز، سنوور و نموونەکانی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو پێکهاتووه.

**بەشی دووەم:** چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە، بابەتەکان بەسەر دوو باس دابەشکراون، لە باسی یەکەمدا مێژووی ئەم ئامێرانە لە کوردستان باسکراوە، باسی دووەم پێناسی ئامێرەکان و تایبەتمەندیەکانیان و ڕۆڵ و مێژوو و وەستایانی دروستکردنی ئەم ئامێرانە و ژەنیارەکنیان لە ناوچەی توێژینەوە خوارنەتە بەر باس. و جۆرەکانیان و تایبەتمەندیان و شێوازی دورستکردنیان و کەسایەتیەکانی دورستکەری ئەم ئامێرانەو شێوەی ژەنینیان و ڕۆڵیان لە نێو موزیکی گۆرانی کوردیدا خواوەتە ڕوو.

**بەشی سێیەم**: بەشی سێیەم و کۆتایی لەم توێژینەوە خستنەڕووی دەرەنجامەکانی توێژینەوە کۆمەڵێ پێشنیار بۆ توێژەرانی دواتر، لەگەڵ چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار خراونەتە ڕوو، لەدوا لاپەرەشدا ئاماژە بەلیستی سەرچاوەکان وهەندێک پاشکۆی پێویست بۆ خزمەتکردنی زیاتر بەتوێژەران وتوێژینەوەکە خراونەتە بەردەست.

# پێشەکی

گومان لەوەدا نیە کەهەر گەل و نەتەوەیەک خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی لە هەموو بوارەکاندا، موزیکیش یەکێکە لەو بوارانەی کە خاوەن مێژوویەکی کۆنە. لەناو ئەو مێژووەدا، گەلی کوردیش مێژووی موزیکی تایبەت بەخۆی هەیە.
موزیک یەکێکە لە هونەرە جوانەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەستی بیستنەوە هەیە، بە جیاواز لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی وەک شێوەکاری و سینەما و شانۆ کە زیاتر پەیوەستن بە هەستی بینین. بێجگە لەوەش، موزیک زمانێکی گشتی جیهانییە، زانستێکە وەکو هەر زانستێکی دیکەی سەر زەمین پێویستی بە بەهرە و لێهاتوویی کەسەکانەوە هەیە. جوانترین هەستی دەربڕینی مرۆڤە، چونکە زۆر لە زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی پێیان وایە، نە موزیک بێ مرۆڤ بوونی هەیە و نە مرۆڤیش بێ موزیک دەژی.
سەبارەت بە ئامێرە هەواییەکانی کە باسی سەرەکی ئەم توێژینەوەمانە، بە تایبەتی ڕۆڵ و پێگەیان لە شاری هەولێر، ئەگەر سەرەتا لە بوچوونێکی مێژوویەوە بڕوانینە مێژووی ئامێری موزیک لە جیهاندا ئەوا بێگومان ناتوانین بە تەواوی ئەم مێژووە دیاری بکەین چونکە لەم بارەیەوە گەلێک بیروبۆچوونی جیاواز هەن بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوە ڕوونە کە یەکەم کەس لە پۆلێن بەندی بۆ ئامێرەکانی موزیک بەگشتی کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی کۆن کوردساکس لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین کە بۆیەکەم جار ئامێرە موزیکییەکانی بۆ هەر چوار گروپی ئیدیۆفۆن میمبرانۆفۆن ئایرۆفۆن و کۆردۆفۆن بە پێی شێیوازی لێدانیان دابەشکرد.
سەبارەت بە مێژووی ئامێر لە نێو گەلی کوردا، بە تایبەتی ئامێرە هەواییەکان. بێگومان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاینەکانی زاردشتی و یارسانەکان و ئایینە دێرینەکانی کوردستان. دواتر وردە رودە بە کورستاندا بڵاوبونەتەوە.

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی بابەتی توێژینەوە

1. گرنگی توێژینەوە
2. کێشەی توێژینەوە
3. ئاستەنگەکانی توێژینەوە
4. ئامانجی توێژینەوە
5. شێوازی توێژینەوە
6. سنوری توێژینەوە
7. نمونەی توێژینەوە
8. پێناسەی زاراوەکان
9. توێژینەوەکانی پێشووتر

## کێشەی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لە پێناو چارەسەرکردنی کیشەیەک یان چەند کێشەیەک یان ڕوونکردنەوەی ناڕوونییەک ئەنجام دەدرێت. لەم ڕوانگەوە، ئەم توێژنەوەیە لە پێناو ڕوونکردنەوەی پێگە و ڕۆڵی ئامێرە فودارەکان لە دەشتی هەولێر ئەنجام دراوە. چونکە بە پێی زانیاری توێژەر، ئەم ئامێرانە لە کۆنەوە ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرجەم ڕێوڕەسم و بۆنەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە هەبووە. بەڵام بە داخەوە هیچ توێژینەوەیەک لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەنجام نەدرابوو، بێجگە لەمەش ئەم ئامێرانە لە ئێستادا، بە هۆی کەمی زانیاری لاوانی بواری هونەر زۆر بایەخیان پێنادریت، لە کاتێکدا خستنەکاریان لە موزیک و گۆرانی کوردیدا زۆر پێویست و چێژبەخشە. بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی ئاشنایەتی بەم ئامێرانە لە ناواخنی ئەم توێژینەوەیە بخاتەڕوو و کێشەی کەم زانیاری لای لاوان و موزیککاران چارەسەر بکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەم خالانەی خوارەوە دیاریکراوە.**

١- ڕۆڵی ئامێرە فودارە کوردییەکان لە شاری هەولێر بلور و بالەبان و شمشاڵ و زورنا بۆ لایەنی سودمەند لەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو.

٢- ژەنیاران و دروستکەرانی ئەم ئامێرانە دەناسێنێت و دەبێتە سەرچارەیەکی گرنگ بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامێرانە بۆ قوتابیانی بەشی موزیک لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان. چونکە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی وەستای کارامەی دروستکردنی ئەم ئامێرانە داوەتی کۆلێژ دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کردارەکی لە پێش چاوی قوتابیان ئامێرەکان دروست بکەن کە دواجار دەبێتە هۆی ئەزموون وەرگرتنی قوتابیانیش بۆ لاسایی کردنەوە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرانە.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

١- لە ناوچوونی زۆرێک لەو کەسایەتیانەی کە ژەنیاری و دورستکەری ئەم ئامێرانە بوون لە ڕابردوو،

٢- بەردەستنەبوونی کەرستەی پیویست بۆ دروستکردنی هەندێک لە ئامێرەکان بە هۆی کەمی سەرچاوەی مادی و زۆری تێچوویان.

.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئامێرە فودارە کوردییەکان لای گوندنشینانی دەشتی هەولێر بلور و باڵەبان و شمشاڵ و زورنا بۆ لایەنی سودمەند لەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو.

## شێوازی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، ڕێبازی وەصفی شیکاری پیادە کراوە.

## سنوری توێژینەوە:

أ / سنووری شوێنی: ناوەندی شاری هەولێر و دەشتی هەولێر
ب / سنووری کاتی:  ماوەی ساڵانی ١٩٨٠- ٢٠٢٤
ج / سنووری بابەتی: ئامێرە فودارە کوردییەکان لە شاری هەولێر بلور و باڵەبان و شمشاڵ و زورنا بۆ لایەنی سودمەند لەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو.
د / سنوری مرۆیی: هونەرمەندان و ژەنیارانی ئامێرە فودارەکان لە شاری هەولێر.

## نمونەی توێژینەوە:

دەست نیشانکردنی ئامێرەکانی بلور و باڵەبان و شمشاڵ و زورنا.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

گەلێک سەرچاوە ڕۆڵ و تایبەتمەندی ئەم ئامێرە فودارانە لە نێو موزیک و گۆرانی کوردیدا دەخەنەڕوو، بەڵام بەداخەوە لە چوارچێوەی گەڕانەکانی توێژەر نەیتوانی هیچ سەچاوە و توێژینەوەیەک بدۆزێتەوە کە باسی ڕۆڵی ئامێرە فودارە کوردییەکان لای گوندنشینانی دەشتی هەولێری وەک بلور و باڵەبان و شمشاڵ و زورنا کردبێت.

## پێناسەی زاراوەکان:

**١- ئامێرە فودارەکان:**
ئەو ئامێرانەی موزیکن کە بە هۆی فوتێکەردن دەنگیان لێوەدەردەچێت.
**٢- ئامێرە فودارە کوردییەکان:** ئامێرەکانی فوداری نەتەوەی کورد دەگرێتەوە کە بە درێژایی ژیانی نەتەوەی کوردەواری هاوشانی ژیانی سادەی گوند و شار و دیوەخان و ژیانی جوتیار و شوانکاری و پیشەی ڕۆژانەی مرۆفی کوردنشین دروستکراون و لە بۆنە ئایینی و دنیاییەکان و شین و شایی و پیشەی ڕۆژانە بەکار هێنراون، وەک شمشاڵ و سورنا و دوزەلە و هتد.

**٣- شاری هەولێر:**
زانایانی شوێنەوارناس هەولێر بە لانکەی ژیان و مرۆڤایەتی دادەنێن، بەڵگەشیان بۆ ئەم ڕایە هەبوونی ئەشکەوتی شانەدەرە لە ناوچەکە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی هەزارساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. بەدرێژایی مێژوو هیچ ڕۆژگارێک هەولێر بێ مرۆڤ و دانیشتوان نەبووە و کۆنترین شارە لە جیهان تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە. بە درێژایی مێژوو بە گەلێک ناوی جیاواز هاتووە. لە ڕووی فەرمانڕەواییەوە، زۆرن ئەو نەتەوە و زمان و ئایینە جیاوازانەی کە لەم شارەدا فەرمانڕەواییان کردووە. لەوانە ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان، کاشییەکان، خۆرییەکان، میتانییەکان، میدییەکان، هەخامەنشینییەکان، سەلجوقییەکان، فارسەکان، ساسانییەکان، ئەمەوییەکان، عەباسییەکان و گەلێکی دیکە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ کۆنی مێژووی شارەکە. (مەهدی، 2008، ل.43 –51).

**٤- ئامێری بلور:**
ئامێرێکی موزیکی هەوایی کوردییە لە قامیش یان لە دار دروست دەکریت، مێژووەکەی لە شمشاڵ کۆنترە، درێژی و کورتی ئەم ئامێرە بە پێی ناوچەکان دەگۆڕیت حەوت کونی تێدایە بە ئەندازەی حەوت دەنگەکەی مۆسیقا دەتوانریت هەموو ئاوازێکی پێ بژەنرێت.

**٥- ئامێری بالەبان:**
ئەم ئامێرە ئالەتێکی فۆلکلۆری کۆنی زۆر جوانە، دەڵێن گوایە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان ناوەکەشی لە ناوی باڵندەی (باڵەبان)ەوە هاتووە میللەتی کورد هەر لە دێر زەمانەوە بە کاری هێناوە لە گەڵیدا ڕاهاتووە هەر خۆیانیش بە شێوەیەکی هونەری درووستیان کردووە، درێژەکەی نزیکەی (٣١سم)ەیە، ناوەکەی وەکو شمشاڵ بەتاڵە، لە داری گوێز، توو، عەنناب، بەڕوو، قەیسی، کەوت، یان هەر دارێکی پتەو ئامادە دەکرێ، هەیشە لە قوڕ درووست کراوە لە کوورەدا سوور کراوەتەوە.

### ٦- ئامێری شمشاڵ:

شمشاڵ ئامێرێکی موزیکی فووداره، لەکۆنەوە لەنێو کورددا بەکاردەهێنرێت. لە هەندێک ناوچەی کوردستان، بە ئامێرێکی پیرۆز دادەنرێت کاتێک گوێت لە دەنگی دەبێت. هەست بە ئارامییەکی قووڵ دەکەیت. ئاوازی کەمی هەڵپەرکێکی هەیە، بەزۆری دەنگێکی ئارام و عاریفانەی هەیە. لە بۆنە ئاینی و تەسەوفییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە مەولوودەکاندا. لە هەندێک ناوچەی کوردستان، بەتایبەت لەنێو کوردانی ئێزدی، شمشاڵ بەئامێرێکی پیرۆز دادەنرێت. میری ئامێرە میوزیکییەکانە. بەپێی لێکدانەوە مێژووییەکان، 1300 ساڵ پێش زایین شمشال لە نێو کورداندا بەکارهاتووە. چەندین جۆر شمشاڵ هەن، هەندێکیان لە قامیش دروستدەکرێن و هەندێکیان لە ماددەکانی ئاسن و سفر و فافۆن. شمشاڵ بەهۆی کونەکانییەوە ئاوازەکانی دەردەکات، هەندێک شمشاڵ 6 کون و هەندێکیش 8 کونی تێدەکرێت، هەموو شمشاڵێک لە دواوە کونێکی تێدەکرێت بۆ هاوسەنگی ئاوازەکانی، شایانی باسە ئەم کونانە رۆڵی کەمیان هەیە، لە شمشاڵ ژەنین، بەڵام بەندەکانیان سووک دەکات، پاشکوونی شمشاڵ، لە بەتەنیا دروستکراوە، بە پەنجەی گەورە لێدەدرێت، رۆڵی هەیە بۆ دەستپێکردنی ئاوازێکی نوێ. واتە سەرەتای بەندەکان. هەر کونێک ئاواز و تۆنی تایبەتی خۆی هەیە. لە رووی دەنگەوە دەنگی شمشاڵی دار نەرم ترە، بەڵام دەنگی شمشاڵی ئاسن خۆشتر و سافترە.

### ٧- ئامێری زورنا

ئەم ئامێرە، بەش بەش و قوچەکیە قامیشێکی هەیە درێژیەکەی لە شمشاڵی سپی و شمشماڵی رەش کورترە، عەرەبەکان پێی دەڵێن سورنی، تورکەکانیش پێی دەڵێن زورنی بەپێی فەرهەنگی دهخدا زوڕنا کورتکراوەی سورنایە کە لە نەقارە خانەکان" شوێنی تەبڵ و ژەنین" لە رۆژانی جەژندا، زوڕنایان ژەنیوە، هەروەها (نای رۆمی)یش پێ دەڵێن، لە فەرهەنگەکانی تردا لەوانە: غیاث اللغات، و فەرهەنگی (رشدي) واتایەکی دیاریکراوی راستەوخۆ بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی پیشاندراوە، ئەو (نای)ەی لەو رووەوە کە لە جەژن ب بووک گواستنەوە دەژەنرێت زوڕنای پێ دەڵێن.

# 2- بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## 2.1 کورتەیەکی مێژوویی شاری هەولێر:

زانایانی شوێنەوارناس هەولێر بە لانکەی ژیان و مرۆڤایەتی دادەنێن، بەڵگەشیان بۆ ئەم ڕایە هەبوونی ئەشکەوتی شانەدەرە لە ناوچەکە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. بەدرێژایی مێژوو هیچ ڕۆژگارێک هەولێر بێ مرۆڤ و دانیشتوان نەبووە و کۆنترین شارە لە جیهان تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە. زۆربەی ڕاکان وای بۆ دەچن، پێش پەیدابوونی نووسینی سۆمەرییەکان ئەم شارە دروست کرابێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە، لەو سەردەمەدا بە شاری هەولێر وتراوە ئۆربل. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە، کە شاری هەولێر لە لایەن باپیرانی سۆمەرییەکانەوە دروستکراوە و مێژووەکەی بۆ نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. لەو ئینسایکلۆپیدیایەدا بێجگە لە کورد و سۆمەرییەکان ناوی هیچ میلەت و نەتەوەیەکی دیکە نەهێنراوە کە پێش زایین لە ناوچەکە ژیابن. ئاماژە بەوەش کراوە، بۆ یەکەمجار گووتییەکان لە سەردەمی پاشا (ئیریروپیزر) بە ئۆربیلیۆم ناویان بردوە. هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی سۆمەرییەکاندا ئەوە نوسراوە، کە ئاشورییەکانیش بە هەمان شێوە بە ئۆربیل ناوی شارەکەیان بردوە. ووشەکە لە دوو بڕگەی وەک (ئۆر+ بل) پێکهاتووە، کە لە فەرهەنگی زمانەکەیان (ئۆر) مانای شار یان پەرستگا و (بل) واتای خواوەندی زەمین دەدات. کەواتە لەلای ئاشورییەکان هەولێر بە شاری خواوەندی زەمین ناوبراوە، کە دواتر لەگەڵ زمان و فۆنەتیکی ئاشووری بە کەمێک گۆڕانکارییەوە مانایەکی دیکەی بۆ خۆی پەیداکردووە بووە بە ئۆربائیل، ئاربائیللۆ، کە لە ئەدەبی زمانی ئاشووریدا بە مانای چوار خواوەند دێت. هەر سەبارەت بە ناوی هەولێر، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژە بە زۆر ناوی دیکەش کراوە، لە وانە (ئەربیرە، ئۆربیلیۆم، ئۆربیلیۆن، ئۆربیلیۆم، ئۆربیلۆو، ئەربائیلۆ، ئەربائیلا، ئەربایلوو، ئەربیرا، ئەربیلاس، اربل، ابرل، بیریل ).

له ڕووی فەرمانڕەواییەوە، زۆرن ئەو نەتەوە و زمان و ئایینە جیاوازانەی کە لەم شارەدا فەرمانڕەواییان کردووە. لەوانە ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان، کاشییەکان، خۆرییەکان، میتانییەکان، میدییەکان، هەخامەنشینییەکان، سەلجوقییەکان، فارسەکان، ساسانییەکان، ئەمەوییەکان، عەباسییەکان و گەلێکی دیکە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ کۆنی مێژووی شارەکە.

عبدولرەزاق حوسنی پێی وایە: ناوی شارەکە لە ئەربائیلۆوە وەرگیراوە، دواتر بە شێوەی ئەربیلا، اربیل، هەوریل، هەولێر گۆڕانکاری بەسەر داهێنراوە، کە لە سەرچاوە مێژووییەکان ئەم بۆچوونە بە نزیکترین بۆچوون لە ڕاستییەوە دادەنرێت. (مەهدی، 2008، ل.43 –51).

شوێنەوارە کۆنەکانی هەولێر، کۆنترینیان قەڵاکەیەتی کە لە ناوەڕاستی شارەکە دایە، بەرزییەکەی نزیکەی 25 بۆ 26 مەتر دەبێت و ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی 102 - 190مەتر دووجا. شوێنەوارێکی کۆنی دیکەی شارەکە، گردی قالیج ئاغایە، کە لە بەشی خوارووی قەڵا بە دووری یەک میل بەدی دەکرێت. بێجگە لە منارەی چۆلی کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای هەولێر، بەرزییەکەی لە ئێستادا 27م دەبێت. ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، بە پێی نوێتیرین ئاماری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە گشتی نزیکەی 009,630,2 دوو ملیۆن و نۆ هەزار و شەش سەد و سی کەس دەبێت، لەم ژمارەیە نزیکەی 906,245 نۆسە و شەش هەزار و دووسەد و چل و پێنج کەس لە سەنتەری شارەکەدا دەژین.

لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، کورد زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، بە زمانی کوردی دەدوێن، تورکمان بە پلەی دووەم، عەرەب بە پلەی سێیەم، کلدان و ئاشوریش بەڕێژەیەکی کەم تیایدا بەدی دەکرێن. ئەمە بێجگە لەوەی جولەکەش لە کۆندا لە شارەکەدا ژیاون.

سەبارەت بە ڕەوتی ڕۆشنبیری، لە ساڵی 1928 دا یەکەم یانەی ڕۆشنبیری تێدا دامەزراوە. (مەهدی، 2009، ل.209).

له ڕووی هونەری، گەڵێک ئامێر ژەنی دێرین لە شارەکەدا هەبووە. لەوانە سمایل سەرمابردوو، کە ماڵی لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر بووە، دەفژەنێکی بەتوانای شارەکە بووە. هەروەها حاجی عبدوڵڵای دەفژەن، کە لە هەمان کاتدا غەزەل خوێن و قۆریات بێژێکی بەتوانا بووە. بێجگە لە مام خدر مەرجان، کە ئامێری زوڕنای ژەنیوە.

ناودارترین دەفژەنە کۆنەکانی شاری هەولێر ئەمانەن. سەید ئیبراهیم سید مەولود میرزا، دەروێش ڕەمەزان سلێمان، یونس قەساب هەولێری، عبدالقادر کاک مستەفای کاک عەبدوڵڵای هیرانی، دەروێش مستەفا، دەروێش عبدوڵڵا حسین مەحەمەد.

هەروەها زەڕبژەن و تەپڵژەنەکانیش لەم کەسانەی خوارەوە پێکهاتبوون، موحسین بەکرعەلی، جەلال سەعید، عوسمان حسین، سالح سەرچناری.

سەبارەت بە ئامێرە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکە، ئەوەی هەبووە زیاتر لە ناوچە دەشتاییەکانی دەورو بەری شارەکەدا بەکارهێنراون، کە بوونەتە سامانێکی گەورەی موزیکی فۆلکلۆری ناوچەکە بەناوبانگترینیان ئەمانەن: دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، دووزەلە، بلوور، دەف، نایە و گەلێک ئامێری دیکە، کە لە کاتی بوک گواستنەوە و ئاهەنگەکاندا بەکاریان هێناوە. زوڕنا ژەنە کۆنەکانی دەشتی هەولێر ئەمانە بوون. سەید کەریم، خدرمەرجان، سەمەد مەحەمەد حەسەن، مەحەمەد خدرساڵح و گەلێکی دیکە.( ئەحمەد، 2009، ل.2795).

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ خالید جەمیل (2016، April 14) ووتی: مێژووی سەرهەڵدانی مەقامات لە شارەکەدا بۆ 750 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، کۆنترین هونەریش لەم بارەیەوە هونەری قۆریات بووە، کە لە ساڵی 1920 سەری هەڵداوە و یەکەم کەسیش کە ئەم هونەرەی چڕیوە مشکۆ هەولێری بووە.

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ شیرزاد سەرسپی (2016، Feb 19) ووتی: لە ساڵی 1979 دا تیپی هونەری میلی لە شاری هەولێر لەلایەن سەباح عەبدولرەحمان و سابیر عەبدولرەحمان لە پێناو بەرەوپێشبردنی هونەری میللی، سەما، هەڵپەڕکێ و فۆلکلۆری ناوچەکە دامەزرا. جگە

لەم تیپە چەندان تیپی موزیکی دیکە لە شارەکەدا ناوبانگیان هەبووە کە بەناوبانگترینیان ئەمانەن.

- تیپی مۆسیقای دەرسیم کە لەلایەن هونەرمەند جەمال هیدایەتەوە بەرێوەدەبرا.
- تیپی هونەری هەولێر کە هونەرمەند وریا ئەحمەد سەرۆکی بووە لە دامەزرانییەوە هەتا نەمانی تیپەکە. سەرۆکی تیپەکەش مامۆستا جەمال هیدایەت بوو وەک کارگێڕی.
- تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان کە بە هەمان شێوە سەرۆکەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی منداڵانی هەولێر، 1976 خاوەن بیرۆکە و ڕاهێنەر و دامەزرێنەری مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی مۆسیقای خانزاد، لە ساڵی 1980 دامەزرێنەرەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی مۆسیقای سەندیکای مامۆستایان کە لەلایەن هونەرمەند یەحیا مەرجانەوە بەرێوە دەبردرا.
- تیپی مۆسیقای کاروان، لە ساڵی 1984 دامەزرا شێرزاد حوزێری بەڕێوەی دەبرد.
- تیپی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، کە لەلایەن هونەرمەند شێرزاد سەرسپی بەڕێوە دەبردرا.
- تیپی مۆسیقای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە هەر لەلایەن هونەرمەند شێرزاد سەرسپییەوە بەڕێوە دەبرا.
- تیپی مۆسیقای زیروبەم، دامەزرێنەرەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو لە ساڵی 1992 تاکو ئێستاش بەردەوامە.
- تیپی مۆسیقای کاوە، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ تیپی کرێکاران، هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی بەڕێوەی دەبرد. یەکەم تۆمارگا لە شارەکەدا تۆمارگای عەبدول

لەتیف بوو، کە لە ناوەڕاستی پەنجاکان دامەزراوە و تاکو ئێستاش لە کارکردن بەردەوامە.

## 2.2 کورتەیەک لە جوگرافیایی هەولێر:

هەولێر دەکەوێتە نێوان ناوچەیەکی دەشتایی خواروو و ناوچەیەکی چیایی کە لە باکوری خۆرهەڵاتی دایە. ڕووبەرەکەی بە گشتی، نزیکەی 15420کم دووجا دەبێت. لە ڕووی فەلەکییەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی 35،30 بۆ 35،15 ی باکوری گۆی زەوی و هەردوو هێڵی دریژی 43،22 بۆ 45،50 ی ڕۆژهەلات. شارەکە بە گوێرەی هێڵەکانی دریژی و بازنەکانی پانی، شێوەیەکی دریژکۆڵەی لە نەخشەدا هەیە و دەکەوێتە نێوان 35 – 40 بۆ 30 – 37 هێڵی پانی بەرەو باکوور و 20 – 43 بۆ 30 – 45 هێڵی دریژی بەرەو ڕۆژهەڵات، تاڕادەیەک بە دوورییەکی یەکسان لە مابەینی هەردوو زێی بچووک و گەورە دایە. شاری موصل لـە ڕۆژئاوا و قەزای ڕواندز لە باکور و نـاحیەی پردێ لـە بـاکوری خۆرهـەڵات و شارۆچکەی کۆیە لە باشوری خۆرهەڵات، سنوری شارەکە پێک دەهێنن و زێی گەورە لە موسڵ و دۆڵی بەستۆرە لە قەزای ڕواندز جیایی دەکاتەوە. بێجگە لە ناوەندی شارەکە سەرجەم ئەو قەزایانەی کە شارەکەیان لێ پێکهاتووە ژمارەیان 10 قەزایە. کە ئەمانەن: ( کۆیە، ڕواندز، دەشتی هەولێر، خەبات، مەخمور، پیرمام، شەقڵاوە، سۆران، مێرگەسور، چۆمان). هەریەک لەم قەزایانەش لە چەندەین نەحیە پێکهاتوون، بەم شێوەیە.

قەزای کۆیە لە کۆیسنجق، تەق تەق، سکتان، سێگردکان، شۆرش و ئاشتی پێکهاتووە. ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ناوەندی شار، عەنکاوە، شەمامک و بەحرکە پێکهاتووە.

قەزای مێرگەسۆر لە ناوەندی قەزای مێرگەسۆر، بارزان، پیران، شێروان مەزن، مەزنێ و گۆڕەتوو پێکهاتووە.

قەزای مەخمور لە ناوەندی قەزای مەخمور، گوێر، کەندیناوە، قەراج و مەلاقەرە پێکهاتووە. قەزای شەقڵاوە لە ناوەندی قەزای شەقلاوە، سەلاحەدین، هەریر، هیران، باسرمە و بالیسان پێکهاتووە.

قەزای سۆران لە ناوەندی قەزای سۆران، خەلیفان، دیانا و سیدەکان پێکهاتووە. قەزای ڕواندز لە ناوەندی قەزای ڕواندز و وەرتێ پێکهاتووە. قەزای دەشتی هەولێر لە ناوەندی شاری هەولێر، دارەتوو، کەسنەزان و قوشتەپە پێکهاتووە. قەزای خەبات لە ناوەندی قەزای خەبات، دارەشەکران و ڕزگاری پێکهاتووە. قەزای چۆمان لە ناوەندی قەزای چۆمان، حاجی ئۆمەران، قەسرێ، سمێلان و گەڵاڵە پێکهاتووە، واتە بە گشتی لە 46 نەحیە پێکدێت. شارەکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عیراق، لە باکوری ڕۆژهەڵات لەگەڵ تورکیا و ئێران هاوسنورە. هەروەها سلێمانی سنوری باشوری ڕۆژهەڵات، زێی بچوک سنوری باشوری هەولێر پێکدەهێنێت و لە کەرکوکی جیا دەکاتەوە. هەروەها لە باکوری ڕۆژئاواش ڕووباری شین لە پارێزگای دهۆک جیای دەکاتەوە. لە ڕۆژئاوا و بەشێکی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای موسڵ هەیە، زێی گەورە لە یەکیان جیا دەکاتەوە. (غفور، 2009، ل.34 – 43).

# 3- بەشی سێیەم

# شیکردنەوەی ئامێرەکان لە ڕووی مێژوویی و پێکهاتەیان

## 3-1 مێژووی ئامێره هەواییەکان:

بێگومان هەموو شتێک له مێژوویدا، دەسپێک و کاتێکی هەیە. لەبابەنی ئامێرەکاندا جیاکردنەوەی ئەو سەردەمانەش کەدانراوی بەناوبانگ و باشیان بۆ دانراوە و نوسراوە ، جا چ ئەو مێژووە دیار بێت یاخود ڕوون و ئاشکرا نەبێت . ئێمە باس له مێژووی ئەو ئامێرە سەرەتاییانە دەکەین که بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار و زەمانە چەندان ئامێری هەوایی جۆراو جۆریان لێ درووست بووە ،مەبەستمان دایکی ئامێرە هەواییەکان واتە ئەو ئامێرانەی که زۆر لەپێش ئەو ئامێرە هەواییە پێشکەوتوانە هەبوونەو هەوێنی زۆرینەی ئامێرە هەواییەکان و شمشاڵیش بوونە . ئێمە لێرەدا ئەو ئامێرەسەرەتاییانە و ئامێرە نەناسراوەکانی هاوشێوەی شمشاڵ بە ئامێرە فووداره سەرەتاییەکان ناو دەبەین .

ئەگەر سەیری ئامێرە فووداره سەرەتاییەکان بکەین ، ئەوا هەر لەنزیك سەرەتاکانی ژیاندا یاخود سەرەتاکانی دۆزینەوەی موزيك بەکار هاتوونە . سەرەتا مرۆڤ یەکەم ئامێر کەپێی ئاشنا بوو قورگی خۆی بوو ( حسێن ، 2003 )[1]، دواتر هەر زوو دەرکی بە ئامێرە ئیقاعیەکان کرد که لەسەرەتادا پێکهاتبوو له پیاکێشانی بەردو چەپڵە لێدان و دەنگی هەنگاوی ڕۆشتن و ....هتد . دواتر مرۆڤی سەرەتایی بە ئامێری هەوایی و فووداره‌کان ئاشنا بوو .

ئامێرە فووداره‌کان چەندان سەدە لەمەوبەر له وڵاتانی جیاجیادا بە شێوەی جۆراو جۆر دروست کراون و ژەنراون کۆنترین ئامێری فوودار که تا ئێستا دۆزرابێتەوە له سەرانسەری جیهاندا بۆ نیوەی هەزارەی دووەمی بەر له زایین دەگەڕێتەوە که له (7) تەپۆلکەی ( خۆزستان دۆزراوەتەوە ) هەروەها له ناوچەی تەختی ( جەمشید )یش جۆرە ئامێرێکی فەداری تر دۆزراوەتەوە که بۆ سەردەمی هەخامەنشیەکان دەگەڕێتەوە . ( سۆڤ ، 2000: 90 )

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەد محمد حسێن ساڵی 2003 بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی شمشاڵ

له چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا ٢٧، ئادار، ٢٠٢٤ محمد حسێن ووتی :-

**بە ڕای من ئەوەی بیستومە لە سەرهەڵدانی ئەو ئامێرە لە ناو مێژوودا ناتوانین بیدەینە پاڵ کەسێك کە دای هێنابێت یان کەی سەری هەڵدابێت. چونکە ئەوەندە کۆنە ئەو ئامێرانەن کە دوای قورگی مرۆڤ شمشاڵ بەکار هاتووە . بەلاّم بەشێوەی ئێستا نەبووە زۆر سادەتر بووە زۆر بەئاسانی فێری بووە و فوی پێدا کردووە . ناتوانم ئەوە بسەلمێنم یا بچەسپێنم وە هیچ بەلگەیەکی وام پێنیە کە بلێم ئەم ئامێرە فلاّنە کات سەری هەڵداوە و کەی نەش و نمای کردووە وە زۆرینەی گەلانیش بەشداریان لە گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم ئامێرەدا کردووە. حیکایەتێك هەیە لە سەر شمشاڵ دەڵێ:- شوانێك بە قامیشەلاّنێکدا رۆی بیستی دەنگ و گڤەگڤی لێ دێت . تەماشای کرد بینی کە ئەوە قامیشەو سەرەکەی بڕاوە هەوا لێی دەدات و دەنگی لێ دێت . قامیشەکەی لێکردەوە و خۆی فوی پێدا کرد و بوو بە ئامێرێکی زۆر سەرەتایی . ڕۆژ و زەمان ڕۆیشت و پێشکەوت و کونیان تێ کرد و تا بوو بە سێ کون بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەم مێژوە دەڵێن ئاوا هاتووە . بەلاّم نالێن لە کوێ هاتووە وە لە کوێ نەهاتووە**

**(حسێن ، 2003 )**

**لەو ماوەیەی دواییدا لە ئەوروپا تیمێکی گەڕان و پشکنین بە دوای ئاساواردا ئامێرێکی فووداری سەرەتاییان دۆزیەوە کە هاوشێوەی ئامێری شمشاڵە لە ئەشکەوتێکی باشوری ڕۆژئاوای ولاّتی ئەڵمانیا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 35000 ساڵ پێش ئێستا . ئەمەش وێنەکەیەتی:-**

**( سایتی بوکرا ، 2009 )**

**بەلاّم ئەوەی کە زۆر باوەو زیاتر لەلایەن زانا مێژووییەکان جێگای باوەڕە دوو ڕا سەرەکیەکەنە**

**1- یەکەمیان دەڵێ مرۆڤی چەرخە کۆنەکان کاتێك بینیویانە ئێسقانی حەیوان دوای شکانی هەردوو سەرەکەی و کۆن بوونی لەدواییدا کاتێك ناوەکەی کلۆر بووە و ڕەشەبا یان بایەك پیایدا تێپەڕبووە دەنگێکی دەرکردووە ، زۆر لایان سەیر و خۆش بووە و ئەوانیش هەوڵیانداوە کە بەفووی خۆیان هەمان دەنگ دەربهێننەوە و کەیفی خۆیانی پێ خۆش بکەن . ( قەرەداغی ، 2003 )**

2- وە بۆچوونەکەی تر دەڵێ لەو سەردەمانەدا مرۆڤ کاتێك بەلای قامیشەڵانەکاندا تێپەڕ بوونە قامشە کلۆرەکان بە تێپەڕبوونی هەوا دەنگیان دەرکردووە و مرۆڤی ئەم سەردەمەش دەرکی بەو نهێنیە کردووە و بەکاری هێناوە بۆ هەمان مەبەست . ( حسێن ، 2003 )

هەردوو ڕاکەی سەرەوە نزیکن لە بیرکردنەوەی لۆژیکیانە کە ئەوش گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕاستە دەرك پێ کراوەی کە لە سەردەمە کۆنەکانی مرۆڤایەتی دۆزینەوەی نهێنیەکانی سروشت هەمووی لە ڕێگەی ( سودفە ) وە بووە

مێژووی ئامێرە فووداره تازەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ مێژووی ئامێە فووداره سەرەتاییەکان کە مێژوویەکی نادیارو کۆنیان هەیە و ئامێرکن سروشت پێشکەشی مرۆڤی کردوون و ناتوانرێ بیکەینە موڵکی گەلێك یان وڵاتێك چوونکە هەر لە سەرەتاوە لە قامیشی کلۆر و ئێسقان و ئەوشتانە دروست بووە کە سروشتین و مرۆڤ خۆی یەکەم جار بە بیرکردنەوە هەوڵی دروستکردنی نەداون بەڵکو لەڕێگەی تێپەڕ بوونی هەوا بەناو قامیش و ئێسقانەکاندا دەنگیان دەرکردووە و بەڕێکەوت ( صوتفە ) مرۆڤ گوێبیستی بووە و حەزی پێکردووە و دواتر دەرکی پێکردووە و هەوڵی لاسایی کردنەوەی داوەو بەکاری هێناوە . وە چۆنیەتی دەنگەکانیش لە ڕێکەی کونەکانەوە هەر بە ڕیبکەوت بووە ، کە کاتێ ئامێرەکان بە ڕێکەوت شکاون و کونیان تێدابووە و دوای پەنجە داگرتن لەسەر کونەکان دەنگەکە گۆڕاوەو مرۆڤ دەرکی بەو شێوازەی گۆڕینی ئاوازەکەش کردووە . ( ئەحمەد ، 2012 )[2] ، واتا لە دواییدا بۆتە ئامێرێکی کامڵ لەڕووی درووستکردن و دەنگ دەرکردنەوە . جا بۆیە ئەوەی گرنگە بوترێت ئەو ئامێرە فووداره سەرەتاییانە جیاوازیان لە ژمارەی کوونەکان و پێوەری درووستکردنەکەدا هەیە دەنا هەموویان لەشێوەدا لێکدەچن ، کە ئەم ئامێرە سەرەتاییانە لەدواییدا گەشەیان پێدراوە و نەك هەر شمشاڵ بەڵکو زۆربەی ئامێرە هەواییەکانی لێدرووستکرا وەك ( باڵەبان – نەی – نای – کەڤاڵ – نەی ئەنبوون – سورنای – دوونای – شەیپوور ....هتد ) ئەمە وەك ئامێرە سەرەتاییەکان و سادەکان

[2] چاوپێکەوتن وریا احمد 4/4/ 2024

، بەڵام دواتریش چەندان ئامێری تری پێشکەوتوو  ئاڵۆز و ئەکادیمی سەریان هەڵداو درووستکران . وەك فلوت ، کلارنێت .....هتد ( قەرەداغی ، 2003 )

ئاشوریەکان شوێنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان لەبەری خۆرئاوای ( میدی ) و جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق بووە هاو سەردەمی بابلیەکانن ، ئەو ئامێرە موزکیانەیان بەکار هێناوە کە ( بابلی ) ەکان بەکاریان هێناوە بەتایبەتیش لە ناوچەی نێوان هەردوو زێی ( دیجلە ) و ( فورت ) . کۆمەلێك کەلاوەو شوێنەواری هەڵکۆڵدراو ئەوە دەسەلێنن کە ئەمانیش ئامێری موزیکی پێشکەوتویان هەبووە ، لەهەندێ کەلاوەی ئاشوریدا وێنەی تیپێکی موزیك ژەنان دۆزراوەتەوە کە ئامێری موزیکیان بەدەستەوە گرتووە لەوانە ( شمشاڵ  - دووزولە – چەنگ – هەندێ ئامێری تری نزیك بە سەنتوور ) . (حەمە باقی،2009: 181 )

بەڵگەنامەیەکی تر ئامێرێکی ئاشووریە کە نزیکە لە شمشاڵ ئامێرێکە لەشێوەی شاخی ئاژەڵ دایە ، کەلای گڵکۆی ( سەنحاریب ) لەسەر بەردێکی داتاشراو دۆزراوەتەوە . (حەمە باقی،2009: 153)

بەڵگەنامەیەکی تر ئامێرێکی ئاشووریە کە نزیکە لە شمشاڵ ئامێرێکە لەشێوەی شاخی ئاژەڵ دایە ، کەلای گڵکۆی ( سەنحاریب ) لەسەر بەردێکی داتاشراو دۆزراوەتەوە . (حەمە باقی،2009: 153)

لە موزیکی کۆندا پشت بەستراوە بە ئامێرە موزیکیانەی کە خۆیان کارگەی دروستکردنی دەنگن لەڕێگەی لەرینەوە . ئەو جۆرە ئامێرانە پێیان دەوترێت ( ئایدیۆفۆنی ) ئەمەش بەهۆی ئەو مادانەی کە ئامێرەکانیان لێ درووست کراوە ، وەك ئەو کەرەستە خاوانەی کە سرووشت پێشکەشی مرۆڤی کردووە وەك ئێسقان و قەمیش و دار و ...هتد ، کەبەهۆی پیاکێشانەوە یاخوود تێپەر بوونی هەوا بەناو دەنکیان درووست کردووە . لە گەڕان و پشکنینەکانی عێراق لە ڕووی مێژووی موزیکی کۆنەوە.

درووست کردووە . لە گەڕان و پشکنینەکانی عێراق لە ڕووی مێژووی موزیکی کۆنەوە هەندێ ئامێر دۆزراونەوە.

**1- فوودارەکان :- نای – قرن – شمشاڵ زۆر ئامێری سادەو سەرەتایی فوودار.**

**2- ئامێرە ژێدارەکان :- چەنگ – کەنارە – عود .**

**3- ئامێرە ئیقاعیەکان یان ڕیتمیەکان :- تەپڵ – دەف -...هتد**

**4- ئەو ئامێرانەی کە خۆیان درووستکەری دەنگن :- سەنج – زەنگ**

**لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرە فوودارە مێژوویان زۆر کۆنەو نا دیارە لە زۆر لە ناوچەکانی سەر زەوی بەکار هاتوونە ئێمە ناتوانین دەست نیشانی مێژووی تەواوی ئەو ئامێرە سەرەتاییانە بکەین بۆیە بەگشتی بلسمان کردن و هەندێ بەڵگەی مێژوویی و بۆچونمان خستە ڕوو**

## 3-2 پێناسە و مێژوو و ئامێرەکان فودارەکان لە شاری هەولێر.

### 3.2.1 ئامێری بلور (بلوێر) :

ئەم ئامێرە تەنیا لە دووبەش پێک دێت، یەکەمیان قامیشە کلۆرەکەیەو ئەوی دیکەش لوورکێکی داری بچووکە، دەخرێتە ناوکونی قامیشەکە و دەکەوێتە بەرامبەر دەمی بلوێرژەن. ئەو دارە لولەکەش بۆ ئەوەیە، کە ئامێرەکە یەکسەر دەنگی لێوەدەربچێت، وەک ئەو ئامێرەی یاری مندالان کە وەک (شمشاڵ) لە (پلاستیک – یاخود باغە) دروست دەکرێت و یەکسەر فووی تێ بکرێ ، دەنگی لێوەدەردەبچێ.

بلوێر لە ڕووی قەبارەوە.
ئەم ئامێرە وەک زۆربەی ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی، قەبارەیەکی دیاریکراوی نیە، بە سێ جۆر قەبارە بەدی دەکرێت، بچووک و مام ناوەند و گەورە. کە دەکەوێتە سەر ویستی بلوێر دروستکەر. ئەمەی خوارەوە قەبارەی دوو بلوێری دەستکردی وەستاکانی ئامێرەکەیە کە لە هەولێر بەدی دەکرێت.
یەکەم/ سەتکردی یەکێک لە وەستانی بلوێر کە بە سەید کەریم ناسرواوە.
درێژی قامیشەکە = ٣٤،٥سم. تیرەی لوولەی قامیشەکە = (٢،٢) سم . تیرەی پارچە دار لوورکەکە = ٢سم . تیرەی کونەکانی پەنجەدانان = (٠،٦)سم.
دوەم/ قەبارەی بلوێرێکی مۆزەخانەی فۆلکلۆری قەڵای هەولێر
درێژی قامیشەکە = ٣٠سم. تیرەی لوولەی قامیش = ٢سم. تیرەی دارلوورکەکە = ١،٨سم. تیرەی کونەکانی پەنجە =(٠،٦)سم.
چۆنیەتی دروستکردنی ئامێرەکە:

لە چاوپێکەتنێکی تایبەتدا لە ٢٥ی ئادار ٢٠٢٤ وەستای ئەم ئامێرە سەید کەریم لە بارەی دروستکردنی ئەم ئامێرە ووتی:- هەندێک مەرج هەیە کە دەبی لەکاتی دروستکردنی ئەم ئامێرەدا ڕەچاوبکرێ، وەک قامیشی کورت دەنگی نایە، قامیش چەند درێژبێت دەنگی باشتر دێت و ئەگەر نەختێک ئەستوور بێت بەڵام ئەگەر ئەستوریەکەیش لەڕادەبەدەر بێت دیسان دەنگی باش نایات. قامیش ئەگەر ساغ بوو، ئەوکاتە دەزانم کە تەواوە چونکە قامیشی پووک و نەرم بۆ ئەم ئامێرە دەست نادات. ئەم جۆرە قامیشە لە قەمیشە لانی ناوچەی پردێ زۆرە، کە قامیشم دەهێنم یەکەم جار کلۆرایی قامیشەکە بە پارچە پەرۆیەکی خاوێن پاک دەکەمەوە و پاشان بەشیشی سوورەوەکراو حەفت کون لە ڕووی سەرەوەی دەکەم و میانی کونێک و ئەوی دی بەقەد پەنجەی گەورەی دەستم جێ دێڵم و کونێکیش لەرووی بنەوەی دەکەم و پاشان نەختێ هەورازتر لە کونەکانی ڕووی یەکەم ، بەلای دەمی (بلوێرژەن) دا، واتە ئەم سەرەی کە دەکەویتە بەرانبەر دەمی بلوێرژەن، زووتر بە دەزوو دەیبەستم بۆئەوەی کە پارچە دار لوورکەکەم تێ خست، ئەم دەمەی قامیشەکە دەرز نەدات و نەشکێت ئەم پیشەیەش (واتە دروستکردنی بلوێر) لە وەستا (عوسمان کۆیی) کە دەبێتە بابی (عەزیز عوسمان خەلەکانی) فێربوویم .

کاتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە

ئەم ئامێرە بەزۆری بۆدوای شایی بەکاردێ ، ئەوکاتەی شایی کەران ماندوو دەبن و لە جێگایەک دادەنیشن بۆ پشوودان ، لەگەڵ گوتنی (لاوک) و (حەیران) دا ، نالەی پیرەبلوێر دێت و زۆرجاری دیکەش لە کۆبوونەوەو دانیشتنی بن دیواری مزگەوت و سەرجۆخینان، توورتووری لێ هەلدەستێت، ئامیرەکە دەنگی تابلێ ی ناسک و بەسۆزە.

## مێژووی ئامێرەکە:

ئەم ئامێرە پێدەچێ ئامێرێکی کوردی رەسەن بێت دەڵێی بە تایبەت بۆ (لاوک) و (حەیران) و (بەیت) خوڵقاوە، لە هیچ یەکێک لەو سەرچاوەکان، نە وێنە و نە ناو و نە باسی ئەم ئامێرە بەر چاو ناکەوێت.

لە بارەی ئەم ئامێرەوە مام دێوانە شاکر عەبدولرەحمان حەمەدەمین لە ٢٦، ئادار،٢٠٢٤ ووتی:- یەکەم ئامێری مۆسیقا لە ژیانم دا کە فێری بووبم، (شمشاڵی ئاسن) بوو. ئەو کاتە لەبەرمەری بووم، شوانێک هەبوو بەناوی (حوسێنە کۆر) خەلکی گوندی (سۆربەش) بوو ، دوای ئەوە (دووزەلە) شی لێ فێربووم. بەڵام ئامێرەکانی وەک (بلوێر) و (زورنا) ، لە زورنا ژەن (حەمەدەمین چاوەش) کە لەنەوەی (خورشید مام دۆم) بوو فێربووم. ناوبراو دەبێتە مامی (حەمەسوور) قەدەرێک بوومە وەڵلاشی و پێکەوە دەچوونیە سەرشایی و داوەتان ، سوودم لە (سەیدەکۆرە) ش دیتووە، کە دەکاتە بابی زورناژەن(سەیدکەریم).

هەروەها حەمەسوور عەبدوللا خورشیدی ژەنیار لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ ئەم توێژینەوەیە لە ٢٦، ئاداری ٢٠٢٤ ووتی:- ئامێرە هەواییەکان لە مامی خۆم (حەمەدەمین خورشید مامە)، کە ماوەی (٣٠) سال دەبی کۆچی کردووە فێربووم. چونکە باشترین زورناژەن بوو، هەروەها

لە(نادرعەلی) خزممان کە داکاتە باوکی زورناژەن (سەعدی نادر عەلی) فێربووم. مامم (حەمەدەمین) هەموو ئامێرە هەواییەکانی ( زورنا، بلوێر و دووزەلە) ی بەباشی لێ دەدا. هەووەها ووتی:- ئامێری بلوێر بەخۆم لە قامیشی گەورە کە قەفەکانی گەورەبی دروستی دەکەم. هەروەها پیکێکی لەدار لوورکی بۆ دەکەم و کونیکی بچووکیشی بۆ دەهێڵمەوە، تاکو بەهۆیەوە دەنگی با باشی بێت. ئەم ئامێرە لە زورنا کورت ترە، ناویشی کلۆرە، حەفت کون لەسەرەوە و یەکێکیشی لەبنەوە هەیە. هەروەها سەبارەت بە بلوێر ژەن، بلوێرژەنی دیکەمان یەکجار زۆرن، چونکە ئەوانی(زورنا) و(دووزەلە) و(باڵەبان) و(شمشاڵی ئاسن) دەژەنن، زۆربەیان دەتوانن (بلوێر) یش بژەنن. چونکە هەموویان پشی خواردنەوەیان گەلێک باشە. پشی خواردنەوە، واتە(با) وەرگرتن لەڕێگەی (کەپوو – لووت). گوپەکانی پێ پردەکات و وردە وردە بایەکە دەکاتە ناو کونی ئامێرەکەوە. بۆیە دەنگی ئەم ئامێرانە بێ وچان نابڕێتەوە و بەردەوامە. چونکە بای (یەدەگ) ی ناوگوپی هات تەواو بی، بای دیکە هەر لە ڕێگەی(کەپوو)ەوە وەردەگرێت ئامێرەکانیش هەموویان تەنها دووزە واتە دوزەلە نەبێت کە شەش کونی هەیە و کونی بنەوەشی نیە، ئەگینا هەموویان وەک یەکن لەبارەی کونەکان و شێوەی بەکارهێناندا.

### 3.2.2 ئامێری باڵەبان:

باڵەبان ئامێرێکی مۆسیقای فوو تێکردنە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت دەنگێکی مەیلەو ئەستوور و قەبەی هەیەو ئامێرەکە هەموو چەشنە چینێکی دەنگی پێ لێ نادرێ. سەبارەت بە واتای ووشەی باڵەبان کە لە فەرهەنگی (مەهاباد) دا لە ساڵی (١٩٦١) چاپ کراوە بەم جۆرە پێناسەی باڵەبان کراوە کە دەڵێ: باڵەبان جۆرە تەیرێکە و جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایە. ل. (٦١) هەروەها لە فەرهەنگی (خاڵ)، کە ساڵی (١٩٦٠) چاپ کراوە: سەبارەت بەواتای وشەی باڵەبان نوسراوە: باڵندەیەکی گۆشت خۆری خێرای ڕاوکەرە کە لە باز گەورەترە. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە بەڵەبان ئامێرێکە لە ئامێرەکانی مۆسیقا.

هەر سەبارەت بە واتای وشەی باڵەبان، لە فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە) دا کە لە ساڵی (١٩٧٧) چاپ کراوە نووسراوە: (باڵەبان-سقر-نقارية-تبلة يستعملها الخيال، تبل- بە مانای باڵندەیەکی جۆری (سقر) دێت و هەروەها جۆرە دەهۆڵێکیشە. ل.(٤٤).

هەروەها لە فەرهەنگی (زمانی کوردی زەبیحی) دا کە لە ساڵی (١٩٧٩) چاپ کراوە، لە بارەی باڵەبانەوە نووسراوە: باڵەبان باڵندەیەکی ڕاوکەرە لە باز بچووکترە و باڵ و کلکی درێژن، دەنگی گەورەیە و پەڵەی ڕەش و سپی تێدایە و تیژ باڵ و خێرایە بە عەرەبی (سقر) ی پێ دەڵێن. لەژێرەوەش نووسراوە باڵەبان- لە زمانی (ڕووسی) دا بارابانی پێ دەڵێن بە مانای (تەپڵی گەورەیە) و بە پیاوی زەبەلاح و ناقۆڵا یاخود ئێستری زەلامیش دەوترێت.

ووشەی (باڵەبان) چۆن بووە بە ناوی ئەم ئامێرە ؟

(جەمال شادان) دەڵێت:- جارێکیان دکتۆر (مارف خەزنەدار) بۆی باس کردم و گوتی:

دەڵێن لە سەردەمی (ساسانی)یەکاندا دوو کەس مۆسیقایان بۆ پاشای ئەو کاتە لێداوە، یەکێکیان ناوی (باڵەبان یاخود بارەبان) و ئەوی دیکەش ناوی (دووردوک) بووە، ئامێرەکانی مۆسیقاشیان پێ لێ دەدا، خۆیان دروستیان کردبوون. بۆیە لە دواییدا هەر بە ناوی خۆشیانەوە ناونرا. هەر سەبارەت بە ناونانی ئامێری باڵەبان، مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێت: دوورنیە ناوی ئەم ئامێرە لە ناوی باڵندەی (باڵەبان)ەوە هاتبێ، ڕەنگە دەنگی ئەم ئامێرە لە دەنگی ئەو مەلەی کردبێ.

## قەبارەی ئامێری باڵەبان:

سەبارەت بە ئامێری باڵەبان لە ڕووی قەبارەوە، دوو جۆر پێوەری ئەم ئامێرە بەدیدەکرێت، بەهۆی ئەوەی ئامێرێکی فۆلکلۆرییە، بۆیە پێوەرێکی نەگۆڕ و چەسپاوی نیە. هەر چەندە ئامێرەکە کورت و باریکتر بێت، زیاتر دەنگەکەی تیژ و بەرز یان زیقتر دەبێت. بە پێچەوانەوەش چەندیش ئامێرەکە ئەستوور و درێژتر بێت، ئەوەندە دەنگەکەی نزم و قەبە و گڕتر دەبێت.
ئامێری باڵەبانی جۆری قامیش کە لە قامیش دروست دەکرێت، درێژیەکەی (١٢) سانتیمەترە و پانی سەرە پانکراوەکەشی٢،٥ سم. بەلام ئامێری باڵەبانی دار کە لە دار دروست دەکرێت درێژیەکەی (٣١،٥)سم، حەفت کون لەلای سەرەوەی دارەکە هەیە و میانەی نێوان هەر کونێک و ئەوی تەنیشتی نزیکەی (١،٥)سم٥ و کونێکیش لە ڕووی بنەوەی دا هەیە کە دەکەوێتە نێوان کونی یەکەم و دووەم.
هەموو باڵەبانێک، پارچەیەکی بچوکی هەیە کە پێی دەوترێت چەڵەمە، کە شێوەکەی وەک ئەنگوستیلە وایە چۆن دەکرێتە پەنجە، ئەوها دەکرێتە سەر قەمیشی باڵەبانەوە و هاتووچۆیشی پێ دەکرێت، بە مەبەستی کۆک-نصب) کردنی دەنگی ئامێرەکە.
هەندێک لە باڵەبان ژەنان، تاقمێکی دی بەکاردەهێنن کە هەر (چۆڵەمە) ی (دەم بەست) ی پێ دەڵێن بەکاردەهێنن. ئەمەیان دەکرێتە سەر دەمی باڵەنانی جۆری قامیش، کە لە کاتی هەڵگرتندا، بۆ پاراستنی دەمی قەمیشەکە بەکاری دەهێنن.
سەبارەت بە درێژی باڵەبانی جۆری قامیش، ئەم ئامێرەیان درێژیەکەی نزیکەی ١٠،٥ سم٥.

## چۆنییەتی گرتنی ئامێری باڵەبان لە کاتی ژەنین.

زۆربەی باڵەبان ژەنان، یەکەمجار سێ پەنجەی دەستی چەپیان، بۆ سێ کونەکەی بەشی سەرەوەی، داری باڵەبان، بەکاردێنن و پەنجەی گەورەی هەمان دەستیش دەخەنە سەر کونەکەی لای بنەوە. بۆ چوار کونەکەی دیکەی لای خوارەوەش هەر چوار پەنجەی دەستی ڕاستیان، بەکاردێنن و پەنجەی گەورەی هەمان دەستیش دەکەوێتە ڕووی بنەوەی داری باڵەبانەوەو بۆ گرتنی ئامێرەکە بەکاردێ.
هەرچەندە هەندێ لە باڵەبان ژەنانمان، بە پێچەوانەی دەستووری سەرەوە دەڕۆن، واتە یەکەمجار پەنجەکانی دەستی ڕاست و ئەوجا ئی دەستی چەپیان دادەنێن.

## چۆنیەتی دروستکردنی ئامێری باڵەنان.

قسەی هەموو باڵەبانژەنان لەوەدا یەک دەگرێتەوە کە باڵەبانی دار لە یەکێک لە دارەکانی وەک قەیسی، عەناب، گوێز دروست دەکرێت، چونکە ئەودارانە ڕەقن و تا ماوەیەکی دوور و درێژیش هیچیان لێ نایە. بێجگە لەوەش دەنگیشیان زوڵاڵ و بە سۆزە، داری باڵەبان بڕبڕەی پشتی ئامێرەکەیە، چونکە چ بە قەوارە چ بە درێژی لە هەموو بەشەکانی دی گەورەترە. دوای ئەوەی (باڵەبان ژەن) دارەکەی هەڵدەبژێرێ، دەیباتە لای دارتاشێک کە ئامێری (خەرت) ی هەبێت، کە بەزۆری ئەم ئامێرە بۆ چاککردنی ئامێری باڵەبان بەکاردێت و زیاتر وەستا دۆمەکان ئەو ئامێرەیان هەیە. هەر سەبارەت بە جۆری داری باش بۆ دروستکردنی ئامێری باڵەبان مام نەسرەدین کە پیشەی دارتاشە، ووتی: داری کەوت بۆ داری (باڵەبان) زۆر پەسەند نیە، چونکە دەنگەکەی کپەو دوای ماوەیەکیش دارەکە لەوەیە خواربێت. هەر سەبارەت بە بوونی ئامێری خرت کە بۆ دروستکردنی ئامێری باڵەبان بەکاردێت، ووتی: لە چوارقوڕنە (خەلیفە علی) و (حاجی قادر) ئامێری خرتیان هەیە و داری باڵەبانیش دروست دەکەن. هەروەها بۆ دروستکردنی قامیشی باڵەبانیش (مام نەسرەدین محی دین) گوتی:- (جارێ لە پێشەوە (زەل) یا (قەرەم) پەیدا دەکەم و ئاو و گۆشتی کەل و پاچەی (بەرخ یا کەر) ی کوڵاو ئامادە دەکەم و قەمیشە پارچەکراوەکانی تێدەهاوم نزیکەی جغارە خۆرێک بەجێیان دەهێڵم. هەر کە زانیم نەرمبوونەتەوە، ئینجا دێم سەرەتا کلۆرایی ناو قامیشەکان جوان پاک و خاوێن دەکەمەوە، پاشان سەرێکی بە ژێ دەخنکێنم واتە زۆر پوخت دەیبەستم، تا ئەوڕادەیەی کونێکی بە قەد کونی جغارەی کوردی تێدابمێنێ، سەری دیکەی قامیشەکەش، لەواشەی دەکەمە سەری بۆ ئەوەی پان ببێتەوە، هەر جارەی (١٠ تا ١٢) لەم قامیشانە، جێ بە جێ دەکەم و هەڵیانن دەواسم، تا وشک دەبنەوە، ئەم کارە (٥ تا ١٠) ڕۆژ دەخایەنێ. کە وشک بوونەوە، دەکەومە لووس و لێک و تەنککردنی سەرە پانکراوەکانی، بە چەقۆو (سمپارە) چاکیان دەکەم. ئەوەی دەنگی باشیان لێوەدەرچێت دەیان فرۆشم بە باڵەبان ژەنان. زەل:- ئەو قەمیشەیە کە لە ناو ئاواندا شیندەبێت قەڕەم:-جۆرێکی دیکەی قەمیشە لە کوێستانان شیندەبێت هەر بۆ دروست کردنی ئەو قامیشە، باڵەبان ژەن (زرار خورشید) گوتی :- قامیش کە وشک دەبن ڕەنگەکانیان دەردێنم، لە قەمیشەڵانەکەی بەر قەڵاتی (قەڵادزێ)، قامیشێکە نە ڕەق نە نەرم، هەرچەندە بەلای ڕەقی دابێ باشترە. لە ئاوێکی شیلەو گەرمی دەهاوێم ، پێش ئەوەی دەست بکەم بە بەستنی ئەو دەمەی دەخنکێنرێ، دارێکی باریک دەخەمە ناو کلۆرایی قەمیشەکە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەستنا کونی قەمیشەکە قەپات نەبێ، سەرەکەی دیکەی قەمیشەکەش بە ئامێرێک کە بە (لەواشە) دەچێت ، پانی دەکەمەوە، ئەوجا تا (٣-٤) ڕۆژان لەبەر هەتاو دای دەنێم و دوای ئەوە بەکاریان دێنم. دیسان هەر بۆ دروستکردنی ئەو قەمیشە (باڵەبانژەن – عەزیز خەلەکانی) گوتی:- بۆ دروستکردنی ئەو قەمیشە پێویستمان بە جۆرە قامیشێکە، تابڵێی تەنک و چەندیش بڵێی ڕەق....ڕەق یەکەی بە ڕادەیەکە هەموو چەقوویەک نایبا...! بۆ ئەم جۆرە قەمیشەش دەنێرم لە کوردیستانی ئەودیو بۆم دێ، یانیش دەچم بۆ سەر زێی (سیروان) لەکن پردی (زەڵم) پێویستی خۆم لەو قامیشانە دێنم ....ئەم قامیشە بە زەبری ئاوی گەرم و ئاگر نەبێت ئیشی تێدا

ناکرێت....قامیشەکان پارچە پارچە دەکەم، درێژی هەر پارچەیەک (قولانجێک) درێژ دەبڕم، ئەوجە دەیان خەمە ناو ئاوی کولاو بۆ ماوەی (١٠ – ١٥) خولەیەک و پاشان بە دەستە سڕێکی خاوێن، ناو کلۆرای قامیشەکان خاوێن دەکەمەوە، بۆیە بە دەستە سڕ چونکە پەنجەی تێناچێ، ئینجا سەری قامیشەکە (ئەوەی دەچێتە ناو دەم) وردە وردە بە چەقۆ دەبڕم و دەی تاشم و تەنکی دەکەمەوە، ئەوجە لەم لاو ئەملای قامیشەکە، هەر بەو چەقۆیە تیژە بە شێوەی سێ گۆشە دەی بڕم بە پەنجە دەیگوشم وە ئامێری (دووپەڵ واتە دەم بەست)ی دەخەمە سەری وە هەموو جارێ قامیشەکە نزیک دەکەمەوە لە ئاگر و نەختێکی دی دەمبەستەکە، دەبەمە سەرترو دیسانەوە....تا دەم بەستەکە بەپێی دڵی خۆم هەوراز دەبەم، تا دەگاتە ئەو شوێنەی مەبەستمە، ئێستا سێ گۆشە زیادەکە دەبڕم و چوار دەوری قامیشەکە بە شیشی سۆرکراو داغ دەکەم بۆ دەق گرتن و هەم بۆ دەنگ خۆش بوون. سەری دیکەی ئەم قامیشەش کە پێی دەڵێن (دەمگوش) بە دەزوو دەخنکێنم، واتە باش باش دەیبەستم بۆ ئەوەی زیاد لە ڕادە بێتە بار یەک و زۆر باش تەسک بێتەوە. بەم جۆرە بۆمان دەر دەکەوێ دروست کردنی یاخود خۆش کردنی (قامیشی باڵەبان) لە باشەکانی دیکەی ئامێری (باڵەبان) ئاڵۆزترە ....چونکە هەم شارازای و لەسەرخۆی، هەم چاپوک دەستیشی گەرەکە، هەموو کارەکەش بۆ ئەوەیە،قامیشەکە پان بکەینەوە (ئەو سەرەی دەچێتە ناو دەم)، بێ ئەوەی بیڵێن بشکێت ئەوەی لە قسەکانی ئەمەی دوای سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو :-(گەر قامیش هەبێت دوای(١٥ – ٢٠)خولەک دروستی دەکەم وە پێشی لێ دەدەم!!) واتە وەکو (مام نەسرەدین و کاک زرار) بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ دایان نانێ وشک ببنەوە، بەڵکو یەکسەر بەکاریان دێنێت. هەردوو (چەڵەمەو دەمبەست)ش، لە لقی دار مێو دروست دەکرێت دوای ئەوەی لقی دارمێو لووس و لێک دەکرێت، وێکی دێننەوە و بە داو شەتەکی دەدەن.

---

### 3.2.3 شمشاڵ:

**شمشاڵ ئامێرێکی سادە و ساکارە و هیچ پیکێکی نیەو لە بۆڕییەکی سادە کە چەند کونێکی تێدایە پێك دێت ، وە بە یەکێك لە ئامێرە فوو ویستەکان ناسراوە ، ئەم ئامێرە لە دار و قەمیش و فافۆن و دروست دەکرێت کە جۆر و شێوازەکانی دروست کردنی لە بەشی دروست کردنی شمشاڵ دا باس دەکەین .**

**شمشاڵ هەمیشە خاوەن بەهایەکی تایبەتی مەعنەوی هەبووە لەناو نەتەوە جیاجیاکاندا .شمشاڵ تا ڕادەیەك لە هەموو شوێنەکانی ئێراندا ، لەوانە گەیلان ،خۆراسان ، تورکمەن سەحرا ، بلوجستان ، کرماشان ، سنە ، دەبینرێت. ئەم ئامێرە لە لای کورد برەوێکی زیاتری هەیە کە لەوانەیە هۆکاری ئەوە بۆ نزیکایەتی دەنگی ئەم ئامێرە بێت لەگەڵ ئاوازە کوردیەکان . ئەم ئامێرە لەناو کوردەکانی هەورامان ، بادینان (کوردستانی باکوور)**

موكريان ، پێشوازی زۆری لێ دەكرێت . شمشاڵ هەمیشە هاوڕێی شوانەكانی خۆراسان بووە ، مەقام و ئاوازی جۆراوجۆریان پێ ژەنیوە . (نەسرولڵا پوور،2007 :180)

ئەم ئامێرە نەوەی ئامێرە فووداره سەرەتاییەكانە مێژووەكەی زۆر كۆنە لە كوردستان ، كە لەبەشەكانی دواتردا باسی دەكەین بەردەوام هاوڕێی شوان بووە و لە زۆربەی بۆنە جیا جیاكاندا بە ئاوازە ناسكەكەی كۆڕو ئاهەنگكەكانی نێو كۆمەڵی كوردەواری ڕازاندۆتەوە .كە ئەو بۆنانەش گەلێكن لە ناو بەشێكی تایبەت دا باسیان دەكەین .

ئامێری شمشاڵ ئاوازێكی بەسۆز و دڵگیر و بەتین دەردەكا ، هەست و نەستی پیر و جوان ژن و پیاو ڕەنج دەری كوردی تێدا هەڵدەقوڵێ ، ئەو هونەرمەندەی بەكاری دەهێنێ و شارەزایی لێی هەیە پێی دەڵێن شمشاڵ ژەن ، بەزۆری شوانی كورد لە دەشت و لەسەر گرد و تاشەبەرد و قەدپاڵی شاخەكان بەدیار مێگەلەوە فووی پێدا دەكات و بە ئارەزووی خۆی دەیژەنێ ، بۆیە لە زۆر شوێن و جیگا پێی دەڵێن ( شمشاڵی شوان ) ، جا ئەو ئاوازە بەجۆشە لەگەڵ شنە باو قاسپەی كەوی مل نەخشین و چریكەی مەلە دەنگ خۆشەكان و خوڕەی ئاوی تاڤگەو باڕەی بەرخ و كارژیلە دا تێكەڵ دەبێ و جوانترین ئاوازی دڵڕفێنی سروشتی پێك دێنن ، دار و بەرد دەهیننە جۆش . (كاكەیی،2006: 59)

دارا محمد عوسمان دەڵێ :-

ئەو ئامێرە هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە لەدەڤەری هەورامانی دەلال لەدەیك بووە و هەوێنی هەموو ئاوازە بەرزە چڕەكانی سیا چەمانەیە هەر كاتێك شمشاڵژەن فوو بە شمشاڵەكەیدا دەكات هەست و سۆزێكی سۆزدار بە ئاوازەكە دەدات" (هەورامی، 2008: 26)

ئامێری شمشاڵ لە ناوچەی موكریاندا، هاوڕێیەتی دێرینەی هەست و ڕۆحی دانیشتووانی ناوچەكە بووە و لەم ناوچەیەشدا بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەدەبی نووسراوی كوردی، تاقانە ژانرێكی ئەدەبی زارەكی، كە لەم ناوچەیەدا بڵاوبووە و باو بووە، هەر(بەیت) بووە، كەدەگمەن و تایبەت بەدەڤەری موكریان بووە و دەیان و سەدان بەسەرهات و كارەساتی ڕاپەڕین و جوامێری و قارەمانێتی دانشتووانی ناوچەكەی، لەدژی زوڵم و ستەم و بێدادیی و داگیركردن، بە هەموو سەركەوتن و تێشكان و تراژیدییەكانیانەوە لەئامێز و هەناودا هەڵگرتووە و لەپاڵیشیدا دەیان و سەدان چیرۆكی دڵداری پێ داڕێژراوە و هەموو ئەم بەیتانەش، لە هەموو كۆڕ و كۆبوونەوە و گۆڤەند و دیلانێ و بۆنەیەكدا، ئامێری شمشاڵ، هاوڕێیەتی گێڕانەوەكانی بەیتبێژانی كردووە، كە بۆ هەر بەیتێكیش، جۆرە ئاوازێكی تایبەت و جیاوازی بەكەش و هەوای بەیتەكە بۆ دانراوە و ئەم ئاوازانەش لەلایەن شمشاڵژەنی بلیمەت و بەهرەدارەوە ئامادەكراون، كە دواتر هەر یەكەش لەم ئاوازانە، بوونەتە ناسنامەی یەكێك

لەو بەیتانە و گوێگریش لە ڕێگای ئەو ئاوازە بە شمشاڵەوە، ناوی بەیتەکەی زانیوە و هۆگری بووە و ناسیوێتییەوە.

هەر لە پاڵ ئەم ئەرکی (ئاوازدانان)ەی ئامێری (شمشاڵ)دا، کە بۆ بەیتەکانی دەڤەری موکریانی کردووە و بەهۆی ئەو ودم و مۆڵەت پێدانەشەوە، کەلای شەریعەتی ئیسلامەوە، ژەندنی حەڵاڵکراوە، ئامێری شمشاڵ لەسەرومرِی ئاهەنگی شادی و گۆڤەندی خەتەنە سووران و ناونانی منداڵان و بۆنەی ئایینی، وەك مەولوودنامە و بەخێرهێنانەوەی(حاجی) و شوانکارەیی و کاروباری کشتوکاڵ و لە هەموو ئەمانەش زیاتر، لە بوارەکانی دڵداریدا، زمانی عاشقانەی پێ فێرکراوە و لەم مەیدانەشدا ئامێری شمشاڵ، دەیان و سەدان ئاوازی عاشقانە و دڵڕفێنانەی پێ ژەندراوە، کە هەموو ئەم ئەرکانەی شمشاڵ، بەر لە مێژووی پەیدابوونی ئامێرەکانی رادێو و تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لە ئەستۆ گرتووە و لەو تەمەنە درێژەیدا، وەك خۆراکێکی رۆحیی و پێویستییەکی کۆمەڵایەتی وابووە.. لەبەرئەوە لەو تەمەنە پڕ لە پەیام و ئەرکەیدا، جگە لەوەی خزمەتێکی زۆری بەهەست و سۆز و دەروونی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە، هاوکات هەر لەو تەمەنەدرێژەیدا، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە ئاوازی شیرین و رەسەنی کەلەپووری کوردەوارییی بە گشتی و لە ناوچەی موکریاندا بەتایبەتی بەجێهێشتووە. (حەمەباقی،2011: 274-275)

## ناوی شمشال:-

ئامێری شمشاڵ چەندان ناوی لە خۆ گرتووە بە شێوەی جیبیا جیا کە ئەو ناوانە تایبەتن بە جۆرەکانی ئامێری شمشاڵ کە هەر جۆرەو شێوەك ناوێکی تایبەت بە خۆی لێنراوە وە وە هەروەها جۆر هەیە بێ ئەوەی جیاوازیش بێ چەندان ناوی هەیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە چ ناوێك بە کار دێنن بۆ شمشاڵ .

لەو ناوانەی کە بەکاردێ بۆ ئامێری شمشاڵ و جۆرەکانی :-

1- شمشاڵ کە دیارترین ناوی ئەو ئامێرەیە بە تایبەتی لە کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات

2- لوولێ کە ئەم ناوە تایبەتە بە دەڤەری هەورامان[3]

[3] لە بەشی شمشاڵ لە هەوراماندا باسی لوولێ بە درێژی کراوە .

3- **بلور هەندێ شوێن ئەو ناوە بەکار دەهێنن**[4]

4- **شباب- کەڤالْ ئەم ناوە لە ناو یەزیدیەکان بەکاردێ ئەو جۆرەیان لە دار دروست دەکرێت**

5- **نەی کە جۆرێکی تری شمشالە لە قەمیشی قەف قەف دروست دەکرێ.**[5]

6- **لە دیلمان پێی دەلێن ( اله )**[6]

**ئامێری شمشالْ لە ولآتانی تری وەك تورکیا و ئێران و پاکستان و ولآتانی ئاسیای ناوەڕاست بە جیاوازی لە شێوە و قەبارە و کونەکانیدا لە ژێر ناوی جیا جیا دا بەر چاو دەکەوێ .**

ئامێری نای (نەی)

لە هەمان کاتدا پێی دەوترێت شمشاڵی قامیش، ئەم ئامێرە لە قامیشێکی ناو کلۆر پێک دێت کە هەردوو دەمی کراوەتەوە، ڕاستەوخۆ بەبێ پیک فوی تێ دەکرێت. ئەم ئامێرەش وەک زۆربەی ئامێرە فودارەکانی دیکە قەبارە و پێوەری جێگیری نییە، لە سەرەوە ٦ کون و لە بنەوەش یەک کۆنی هەیە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئامێرەکەوە. بۆ کونەکانی سەرەوەش، یەکەم کون ٥-٧ سم دەکەوێتە خوار کونەکەی بنەوە و ئەوانی دیکەش بە دوای ئەو دا دێن و میانەی نێوانیان لەسەر درێژی و کورتی ئامێرەکە بەندە. واتە هەر چەندە ئامێرەکە درێژتربێت، میانەی نێوان کونەکانی زیاتر دەبێت بە پێچەوانەوەش.

قەبارە جیاوازەکانی ئامێرەکە.

ئامێری نەی چ کورت بێ یا درێژ لە ٩ قەف پێک دێت، بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستانی عێراقدا، دوو جۆر ئامێری نای قامیش واتە شمشاڵ قامیش بەدی دەکرێت.

**جۆری یەکەم:**

درێژیەکەی ٥٢سم

چێوەکەی ١،٦سم

تیرەی کونی پەنجەکانی ٠،٨سم

**جۆری دووەم:**

درێژیەکەی ٥٨سم

---

[4] **مام بەکر کە شمشالْ دروست دەکات باسی لەوە کرد کە هەندێ کەس دەست بۆ شمشالْ درێژ دەکەن و دەلێم ئەو بلورەمان بدەیە.**

[5] **ئەم جۆرەی شمشالْ لای عەرەبەکان پێی دەلێن ( قصبە ) وە فارسەکان هەر بە ( نەی ) ناوی دێنن .**

[6] **ئەو جۆرەیان نازانم چ جۆرێکیەتی ئەو زانیاریەم لە کتابی ئامێری موزیکی کوردی نوسینی عەلی ئەسغەر نەسروڵلا پور 2007 وەرگرتووە.**

چێوەکەی ٢سم
تیرەی کونی پەنجەکانی ٨،٠سم

لە ڕووی مێژووییەوە، لە میانی ئەو گەڕان و پشکنینانەی کە بە دوای ئاسەواری ئەم ئامێرەدا کراوە، لە کۆتای ساڵەکانی پێش جەنگی جیهانی دووەم، لە ناوچەی (تەپە گۆرە) ی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە ئەم ناوچەیە نزیکەی ١٥ میل لە شارەکەوە دوورە و دەکەوێتە نزیک گوندی بەعشیقە زۆرێک لە ئامێری لە ئێسکی ئاژەڵ دروست کراو دۆزاونەتەوە. زۆربەی ئەو ئێسکانەی کە دۆزراونەتەوە بریتی بوون لە ئێسکی شکاو، بەڵام نمونە نەشکاوەکان لە گۆڕێکدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٥٠٠) ساڵ پ.ز لە ژێر کەلە سەری پەیکەری ئێسقانی منداڵێک دا، کە تەمەنی لە (١٠) ساڵ تێبنەپەری بوو دانرابوو. بە پێی زانیارییەکان، دەبێ ئەم منداڵە شوان بوبێ یاخود کوڕە شوان، دەنگی ئەم ئامێرەی بەلاوە خۆش بوبێ، بۆیە خزم و کەسانی ئەم بڕیارەیان داوە.
ئەم پارچەیەی باسمان کردوو زۆری دیکەش لە (باکوری) عێراق دا، دۆزرانەوە.
لە کتێبی شەرەف نامەدا، لە تابلۆی سێیەمی ناو کتێبەکەدا، لە گۆشەی دەستە ڕاستی لاتی خوارەوەی دا، پیاوێک دانیشتوە ئامێری شمشاڵ دەژەنی.
ڕۆڵی نەی لە فۆلکلۆری ئەدبیاتی کوردیدا:
لە ئەدەبیاتی کوردییدا، لە گەلێک لە شیعرەکاندا، ناوی ئامێری نەی هاتووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئامێرەکە مێژووەی کۆنی لە نێو گەلی کوردا هەیە. ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە نموونەی شیعرەکانە.
١- بێ (نا) ئەیژەن ئێستا (نای)شی بە دەستیەوە.
٢-گاهی گوش بە (چەنگ)، گابە (ساز) و (نەی)....تاد
٣-بر خواست آذ جان و تنم چون (ني) فغان المستغاث.
٤-نەفەس (ساز)و سەرم (سەمتوور)ە ناڵەم (نای)ە بەزمێکە.
٥-(نەی)کە ساحێب سیڕرە سەرتاپا بە ئەمری کون کونە باتنی قیف قیف عەڵا سیڕرەی بە زاهیر قەف قەفە....
٦-وەکو (نەی) کون کونە جەرگم لە تاو هیجرانی تۆ بۆیێ....
ئامێری شمشاڵ ئاسن
لەم دواییەدا، کە (بۆری) پەیدا بوو، شوانانی کورد پارچەی بۆڕیان دەبرد بۆ لای بۆڕیچی یان چەخماخچی و بە درێل کون کونیان دەکرد. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بۆری قایم ترە و مەترسی شکانی نیە وەک قەمیش. باشترین بۆڕیش بۆ ئەم مەبەستە، ئەم جۆرە بۆڕییە کە ڕەنگێکی مەیلەو زەردباوی هەیە.
ئەم ئامێرەش لە فۆلکلۆر و ئەدەبی کۆن و نوێدا بە گەلێک شێوە باسی لێوە کراوە، گرنگتیرینیان ئەمانەی خوارەوەن.
١-نای (زەڕین) جەنگ، ئاوەر بە خورۆش

٢-ناڵەی (نایزەڕین) نرکەی (نەققارە)ش
٣-دەنگی (شمشاڵ)ی شوانەکانت
٤-(شمشاڵێکی زەرد) لە تۆی پشتێنی
٥-(شمشاڵی من خرمەی بازن، گرم و هۆڕی مەشکەی گاوس....
قەبارە جیاوازەکانی شمشاڵی ئاسن:
شمشاڵی ئاسن چەند شێوە و قەبارەیەکی جیاوازی هەیە کە گرگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

**جۆری یەکەم:**

دریژی ئەم ئامێرە = (٤٥)سم
چیوەی بۆری = (١،٥)سم
چێوەی کونەکان = (٠،٦) سم

**جۆری دووەم:**

دریژی ئەمەشیان = ٣٧سم
چێوەی بۆری ئاسن = (١)سم
چێوەی کونی ئەمەشیان = (٠،٦)سم
ئامێری (شمشاڵی ئاسن). چ رەنگی (زەرد) بێ یا (سپی) زۆر لە(نەی) واتە (شمشالی قەمیش) جیاوازە. چونکە ئامیری (شمشالی ئاسن) وەک ئامیرەکانی

(زورنا) و (بلوێر) ، حەفت کون لە ڕووی سەرەوەو کونێکیشی لە ڕووی بنەوە هەیە، کەچی ئامێری (شمشاڵی قەمیش) شەش کون لە ڕووی سەرەوەو کونێکیش لە ڕووی بنەوەی تێدایە. جێگای کونی بنەوەی (شمشاڵی قەمیش) دەکەوێتە ناوەراستی ئامێرەکەوە، ئامێر دریژ بێت یا کورت جێگای ئەم کونەیان ناگۆڕێ. هەروەها (٦) کونی ڕوی یەکەمی ئەم ئامێرە سێ کونی سەرەوە نەختێ دورن لە سێ کونی لای خوارەوە.کەچی ماوەی میانی (٧) کونەکەی ئامێری (شمشاڵی ئاسن) یەکسانن.

**سێیەم: جۆرەکانی شمشاڵ.**

1- شمشاڵ

A. شمشاڵی ئاسن

B. شمشاڵی زەرد

C. شمشاڵی فافۆن

D. شمشاڵی نایلۆن

E. شمشاڵی قەمیشی یەك قەف

F. شمشاڵی دار

### 3.2.4 ئامێری زوڕنا یان سۆڕنا:

یەکێکە لە ئامێرە فوودارەکان کە لە دار دروست دەکرێ، بەشە سەرەکیەکەی ئەم ئامێرە لە بەشەکانی دیکەی درێژتر و گەورەترە. پێکدێت لە لولەیەکی درێژ و کلۆر، کە لای سەرەوەی وەک سەری ئامێری (باڵەبان) وایە و لای خوارەوەشی وەک ڕەحەتیە. لای سەرەوەی، واتە ئەو سەرەی کە پیکەکەی تێدەخرێت پارچەیەکی هەیە کە دەچێتە ناو کلۆرای لولەی ئامێرەکەوە پێی دەوترێت (نێرە)، لە ناو لولەی زوڕناش دا بە ئاسانی دەتوانین بیخولێنرێتەوە تا دەگاتە نزیک کونی سێیەم. ئەم ئامێرە لەڕووی سەرەوەیدا حەفت کونی هەیە و لە ڕووی خوارەوەش یەک کونی هەیە، کە دەکەوێنە نێوان کونی یەکەم و دووەم لە خوارەوەدا. هەندێ زوڕنا ژەن لەبەشی ڕەحەتی زوڕناکەیاندا چەند کونێکی بچووک بەدی دەکرێت بۆ ئەوەی دەنگی ئامێرەکە زڕوو قەبە نەبێ و دەنگەکەی بەرزبێت واتە باریک یاخود تیژ بێت.
لە ئامێری زوڕنادا، بەشێکی دیکە هەیە کە پێی دەوترێت پیک، کە بریتیە لە پارچە قامیشێکی بچووکی جۆری نەرم و خراوەتە نێو لولەیەکی تەنەکەوە بە پارچە تەنەکەیەک یاخود کودی واتە کدوو یا کولەکە یەکی بازنەیی بە بەشێک کۆتایی دێت کە لە شێوەی (١٠٠) فلسی دایە، ئەم پارچەیەش بۆ ئەوەیە زوڕنا ژەن بتوانێت بە هۆیەوە لە کاتی ژەنیندا هەوا لە لوتەوە وەربگرێت لە جیاتی دەم.

#### جۆرەکانی زوڕنا:

لە مێژووی ئەم ئامێرەدا چەند جۆرێک لەم ئامێرە بەدی دەکرێت کە بە ناوبانگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

١-زوڕنای عەرەبی: کە بە بچووکی قەبارەکەی و رەحەتییەکەی دەناسرێتەوە.
٢-زوڕنای کوردی: قەبارەی لە زوڕنای عەرەبی گەورەترە، دەنگی بەهێزترە.
٣-زوڕنای بەسرە: لە هەموو ڕووەکان لە هەردوو جۆری سەرەوە گەورەترە.

#### قەبارەکانی زوڕنا:

ئەم ئامێرەش وەک زۆربەی ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقای رۆژهەڵاتی قەبارەی جیاوازی هەیە. بۆیە هەرچەندە قەبارەی ئامێرەکە گەورەتر و پان و پۆرتر بێ، دەنگەکەی گەورەتر و قەبەتر دەبێ وە بە پێچوانەوەش. ئەمەی خوارەوەش دوو جۆر قەبارەی ئامێری زوڕنایە.

#### جۆری یەکەم

له مۆزەخانەی فۆلکلۆری قەڵای هەولێر پارێزراوە، درێژییەکەی ٢٩سم٥، تیرەی ڕەحەتیەکەی(٧)سم٥

**جۆری دووەم**

لە لای زوڕنا ژەن خدر مەرجان ژەنراوە، درێژییەکەی ٤٢ سانتیمەترە، تیرەی رەحەتییەکەی (١١،٧)سم٥.

شایانی باسە لولە دارەکەی لای خوارەوەی ئامێری زوڕننا، وەک رەحەتییەکی ناو کلۆرە وایە و لای سەرەوەی لولەکەش پارچەیەکی داری دوو فلیقەی تێدایە پێی دەڵێن نێرە، ئەم ئامێرە بە فارسی سوڕنا یان (نەی سوور) ی پێی دەوترێت. وشەی (زوڕنا) لە ئەسڵدا وشەیەکی تورکییە، هەر لە سەدەی چواردەهەمی زایینی ناوی (نای سپی) و (نای ڕەش) بۆ بەکارهاتووە. هەروەها لە هەمان کاتدا، زوڕنا ئامێرێکی مۆسیقای فوداری میللی کوردانەیە، کە لە دار دروست دەکرێ و بنکەکەی لە شێوەی (نەی) دایە و سەرێکی زل و پانی لە شێوەی ڕەحەتی هەیە.کە بە هۆی پارچەیەکی بچوک کە پێی ئەووترێ (پیک) بە دەم دەگیرێ و فووی پێدا دەکرێ و زوڕنا ژەنی وەستا و شارەزا، بە هەناسە و دەست و پەنجەی هونەریەوە، ئاوازی ساز و بە سۆز و بەستەی پڕ جۆشی پێ دەژەنن.

مێژووی ئەم ئامێرە لە نیگاری هەڵکۆڵراوی تاق وەستانی سەردەمی ساسانیەکاندا، بە هۆی وێنەکان کە لە ڕێزی دووەمی مۆسیقا ژەنانی دوای پاشای ئەوکاتە کە لە وێنەکەدا پیاوێک دەردەکەوێت کە لە ڕیزی دووەمی دوای پاشا وەستاوە و(زوڕنا) دەژەنێ بەم وێنەیە سەلمێنراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، دەوروبەری ساڵانی ١٦٠ی زایین.

**بنکەی دروستکردنی ئامێری زوڕنا:**

هەندێ لەزورنا ژەنەکان، ئامێرەکەیان، لە (تورکیا) و (سوریا)وە بۆ دێ، لە (موسڵ) یش دوو کەس هەبوون، بە ناوی (سەعید فەیلی و نەجیم فەیلی)، دەزگای تایبەتیان هەبووە بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرە. هەر زوڕنا ژەنێک مەبەستی بوایە، خۆی بە هەڵبژاردنی خۆی داری قەیسی دوای ئەوەی زۆر چاک وشک دەبۆوە دەیبردە لایان و ئەوانیش بۆیان دروست دەکرد. هەڵدەستان بە دیزاییین کردنی شێوە و ڕەحەتی لای خوارەوەی ئامێرەکە دوو فڵیقەی ناو کلۆرای سەرەوەی لولەی زوڕنا و حەفت کونی سەرەوە یەکی بنەوە. بەڵام بۆ پیکی زوڕنا (سەعیدی نادر علی) ووتی: بۆ ئەو مەبەستە دەچوینە جێگایەک کە داری قامیشی هەبێت، وەک کانیلەی کۆیە کە جۆرە قامیشێکی هەیە پوکەی  پێ دەڵێن کە ڕەنگی سپییە و مەیلەو نەرمە. لە وێوە ئەو قامیشانەمان دەهێناو خۆشمان دەکردن و کلۆرای ناویانمان پاک دەکردەوە و دەردەهێنا. ئەو کارەمان دوای پارچە کردنی قامیشەکان ئەنجام دەدا، کە هەلدەستاین بە کونکردنی یەکێک لە سەرەکانی پارچە قامیشەکە بە دەزوو، پاشان  جوان بەستانی. هەروەها سەرەکەی دیکەی قامیشەکەش لە ئەنجامی بەستنی سەرەکەی ئەولا کە پێشتر بەستابوومان

دەمی دەکرایەوە. دوای ئەم هەنگاوانە هەڵدەستاین بە ئەسپای دەمان خستە ناو کونی لولەیەکی کانزای باریک، بۆ ئەم مەبەستە لای تەنەکەچی یان زیوچی ئامادەمان دەکرد، ئەوجە بە چەقویەکی بچووک و زۆر تیژ قەمیشەکەمان دەبڕی و خۆشمان دەکرد و هەر زوڕنا ژەنە و بە گوێرەی دڵی خۆی ئەم کارەی ئەنجام دەدا. زۆربەی زوڕنا ژەنان، بە دەستی خۆیان (پیک) بۆ زوڕنای خۆیان دروست دەکەن. کاتێکیش زوڕنا ژەن بچێ بۆ سەر شای و داوەت، دەبێ (١٠ – ١٢) دانە لەو قامیشانە، لە ناو قوتیەکی تایبەت دا وەک یەدەگ هەڵگرێت.

## 3.3. هەندێک لە زوڕنا ژەنانی شاری هەولێر

### یەکەم/ خوالێخۆشبوو (خدر مەرجان)

ناوی تەواوی (خدر حوسێن عەولا مەرجان)ە و بە (مام خدر مەرجان) ناسراوە، کاک (یەحیا مەرجانی) کوڕی گوتی:- بابم لە تەمەنی منداڵی باب و داکی دەمر و خزمەکانی بە خێوی دەکەن، دواتر کە بۆ هەولێر دێت، توشی بابی داکم، واتە (ئەحمەد گواریێ زوڕنا ژەنی بەناوبانگ) دەبێ، ناو براو زوڕنا ژەنی ناوچەی هەولێر بووە، کچی گەورەی خۆی پێشەکەش بە بابم کردوە باوکیشم لە باپیرم (ئەحمەد گواریێ) وە، حەزی دەچێتە زوڕنا ژەنین

گوتم:-بابت قەت لای باس نەکردووی، باشترین زوڕنا ژەنانی هەوتەمەنی کێ بوونە؟ لە وەڵام دا گوتی:- (مام دەنوون) وە عوسمانۆک هەبووە ئیلای (کۆیە) بوون، خدری عەولای شێخەی، مام حەمەدەمین مامی حەمە سوور.

### هەندێک زانیاری لە دەمی پسپۆڕانی شاری هەولێر:

سەبارەت بە ئامێری زوڕنا لە دیدارێکی تایبەتدا فەرمەند خەیلانی 15 April 2024 ووتی: زوڕنا زۆر جیاوازە لە ئامێری نەی بەڵام قەبارەکەی بە گوێرەی تۆنەکان جیاوازە. بۆ نموونە ئەگەر زۆڕنای لا بێت، قەبارەکەی کورتترە، هەر چەندە تۆنەکەی نزمتر بێت ئامێرەکە درێژییەکەی زیاتر دەبێت. سەبارەت بە کنەکان و شوێنی پەنجەکان، ئامێری زوڕنا لە ڕووی سەرەوە هەشت کونی هەیە.

هەروەها لە هەمان کاتدا، سەبارەت بە شمشاڵ، ووتی: ئامێری شمشاڵ جیاوازە لە ئامێری زوڕنا چونەک چەند جۆرێکی هەیە. جۆرەکانیش بریتینە لە کەڤاڵ، شمشاڵ، کەوەلە، نەی کەسایی. نای کەسایی شێوازی نەفقەکەی جیاوازە لە ئەوانی دیکە، چونکە ئەم جۆرەیان دەکەوێتە ژێر ددان و بەم جۆرە دەژەنرێت. هەروەها نەی کەوەلە لە شەش تۆن پێکهاتووە، زیاتر میسرییەکان ئەم جۆرە بەکار دەهێنن. هەروەها شمشاڵی ئاساییمان هەیە، وەکو ئەو جۆرەی خوالێخۆشبوو قالەمەڕە بەکاری دەهێنا. ئەمەشیان بە هەمان شێوە لە شەش تۆن پێکهاتووە، بەڵام هەندێک جار دەکرێت بە حەوت تۆن. کە ئەم جۆرەیان بە شمشاڵی ڕەسەنی کوردەواری ناسراوە. شایانی باسە شمشاڵی کوردی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک لەڕووی درێژییەوە جیاوازی هەیە و فەرق دەکات. هەروەها نەی ئاساییشمان هەیە، کە ئەمەشیان

پێکهاتووە لە حەوت تۆن. تەنها شمشاڵی کوردی لە ئاسن دروست دەکرێت، هەموو جۆرەکانی دیکە لە قامیش دروست دەکرێت.
هەروەها سەبارەت بە ئامێری باڵەبان ووتی: ئامێری باڵەبان بە هەمان شێوەی ئامێرە هەواییەکانی دیکە چەند جۆری هەیە، کە ڕووی پیکەوە جیاوازن، بۆ نمونە باڵەبانی ئەرمەنیمان هەیە کە بە مەی ناسراوە، بەوە جیا دەکرێتەوە کە پیکەکەی ڕەقترە و نەفقەکەی تۆزێک قورستر و دەنگیشی لە بەڵەبانی ئاسایی بەیزترە. بە پێچەوانەی باڵەبانی کوردەواری خۆمان کە پیکەکەی نەرمتر و دەنگی زیقترە.
سەبارەت بە مێژووی ئەم ئامێرانە لە شاری هەولێر، ناوبراو ووتی: مێژووی ژەنینی ئەم ئامێرانە بۆ یەکەمجار دەگەرێتەوە بۆ شوانی کورد لە کاتی ئاژەڵداریدا لە پێناو ڕەواندنەوەی بێزارییان لە تەنیایی کاری شوانکاری. سەبارەت بە بیرۆکەی سەرهەڵدانی ئەم ئامێرانەش، زۆربەی ڕاکان وای بۆ دەچن کە لە ئەنجام بەرکەوتی با لەگەڵ ناوچە قامیشەلانەکان و دروست بوونی دەنگ ئەم ئامێرانە سەریان هەڵداوە. سەبارەت بە کۆنترین ئامێر لە نێو گرووپی ئەم ئامێرە هەواییانە، زۆربەی ڕاکان مێژووی شمشاڵ بە کۆنترین دەزانن. سەبارەت بە جیاوازی و تایبەتمەندی ڕۆڵیان لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەم ئامێرانە لەیەکدی جیاوازن. بۆ نمونە شمشاڵ لە بۆنەی ئایینیش دا ڕێگای پێدراوە، بەڵام هەرچی ئامێری باڵەبانە بە هۆی بەرزی دەنگەکەی و ئەو تایبەتمەندییەی کە هەیەتی زیاتر بۆ بۆنەی دنیایی و ئاهەنگ و ژن گواستنەوە و ئەم بابەتانە بەکارهێنراوە. بۆیە زۆرجار لەگەڵ ئامێری دەهۆڵ ڕۆڵی تەواویان لە بەڕێوەبردنی زەماوەند لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بینیوە.
سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی ئەم ئامێرە لە شاری هەولێر، بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ قەرەجەکان کە لەشاری هەولێر یەکەم کەس بوون ئەم ئامێرەیان دروستکردووە. هەروەها مام بەکر کە بەهەمان شێوە دەستی ڕەنگین بووە لە دروستکردنی ئەم ئامێرانە.
سەبارەت بە ئامێری شمشاڵ مام بەکر یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ئەم ئامێرەی بۆ هەموو ئێوەوانان دروست دەکرد کە شوێنەکەی تا ئەو کاتەی وەفاتیشی کرد دەکەوتە ژێر قەڵات و کە ئەم ئامێرانەی دەفرۆشت.
هەر سەبارەت بە مێژووی ئامێرە فودارەکان لە شاری هەولێر لە دیدارێکی تایبەتدا وشیار مەرجان 12 ،April 2024 ووتی: بە پێی زانیاری من دەگرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کە لە دەوروبەری ١٩٠٠ بەدواوە ئامێری زوڕنا لە شاری هەولێر بەکارهاتووە. یەکێک لەو ژەنیارانەی کە ئەم ئامێرەی ژەنیوە بریتییە لە ئەحمەد گوارێ کە لەسەر دەستی ئەو باپیرم خدر مەرجان فێری ژەنینی ئامێری زوڕنا بووە. بەم پییە سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەرەتا و دەسپێکی مێژووی ئامێری زوڕنا و ئامێرە فودارەکان دادەنرێت لە شاری هەولێر.
سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم ئامێرانە بە دڵنیاییەوە ئەم ئامێرانە ڕۆڵێکی یەکجار گەورە و بەرچاویان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، بە تایبەت ئاهەنگی بوک گواستنەوە کە زیاتر بە ئامێری دەهۆڵ و زوڕنا ئەنجام دەدرا. هەروەها ئامێڕی بلور و باڵەبان لە دانیشتنەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و هەندێک جاریش یاوەری حەیرانبێژانیان دەکرد لە دیوەخانەکان.

سەبارەت بە ئامێر ژەنە بەناوبانگەکانی ئەم ئامێرانە لە شاری هەولێر بریتین لە مام خدر مەرجان و مام کانەبی و مام سید کریم کە لەسەرەتای سەدەی بیستەم ژەنیاری بەتوانای شاری هەولێر بوونە.
بەڵام لەدوای ساڵانی ١٩٨٠ جیلێکی دیکەی ژەنیاری بەتوانای ئەم ئامێرانە پەیدابوون لەمانە ڕحیم باڵەبان کە ژەنیارێکی بەتوانانی هەردوو ئامێری باڵەبان و زوڕنا بوو. دواتر هونەرمەند هەرێم سەلاح کە یەکێک لە ژەنیارە هەرە بەتواناکانی ئەم ئامێرە فودارانە بوو. هەروەها ئومێد باڵەبان کە بەهەمان شێوە ژەنیارێکی بەتوانای ئەم ئامێرە فودارانەیە بە تایبەت باڵەبان و زوڕنا و بلور.
سەبارەت بە وەستا کارامەکانی ەئم ئامێرانە، بە پێی زانیاری من هیچ وەستایەکی کارامەی دروستکردنی ئەم ئامێرانە لەشاری هەولێر نەبووە، بە تایبەتی زوڕنا و باڵەبان. لەوانەیە تاڕادەیەک ئامێری بلوێر دروستکرابێت بەڵام ژەنیارەکان بەخۆیان ئەم ئامێرەیان دروستکردووە. ماوەیەکیش مام بەکر کە ئێستا لە ژیان نەماوە لە لای قەڵات دادەنیشت ئامێری بلوێر و شمشاڵی دورست دەکرد بەلام نەک بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەڵکو گەلێک جار چەندان ئامێر خەسار دەبوو تاکو ئامێرێک بەدڵی ژەنیاران بەرهەم دەهات کە تۆن و دەنگی مەزبوت بێت.

# 4. بەشی چوارەم

## 4.1 دەرئەنجام

## 4.2 ڕاسپاردە

## 4.3 پێشنیار

## 4.4 لیستی سەرچاوەکان

## 4.1 دەرئەنجام

لە دوای گەڕانی توێژەر بە دوای سەرچاوەکاندا لەسەر ئەم بابەتە و لە ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندان، مامۆستایان و لایەنی پەیوەندیدار، تویژەر گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لە میانەی تویژینەوەکەدا دەرکەوت کە ئەم ئامێرانە مێژووەکەیان لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتی سەدەی بیستەم
2. وەستای کارامەی ئەم ئامێرانە لە شاری هەولێر بەدی ناکرێت تەنها هەندێک هەوڵی خودی ژەنیارەکان خۆیان و چەند هەوڵێکی سادەی نائەکادیمی نەبێت
3. هیچ مامۆستایەکی ئەکادیمی ئەم ئامێرانە لە کۆلێژو پەیمانگا بەدی ناکرێت.

## 4.2 ڕاسپاردە

لە ئەنجامی گەڕان و بە دواداچونی تویژەر لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی بۆ دەرکەوت کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکات، وەک ڕاسپاردەیەک ئاڕاستەی حوکمەت و لایەنی پەیوەندیداری دەکات.

1. دەزگا ئەکادیمییەکانی خوێندنی موزیک پێویستە پتر ئاوڕ لەم ئامێرە فودارانە بدەنەوە و قوتابیانی پێ ئاشنا بکەن.
2. پێویستە نۆتە و ئاوەزەکانی هونەرمەندان بە ئەرشیف بکرێت و چاپکریت، بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بپارێزرێت و وەک ئەرشیف بمێنیتەوە. تویژەر لەم توێژینەوەیەدا نۆتەی ئاوازەکانی زۆر بە سەختی دەست کەوتووە، چونکە هەندێک لەوهونەرمەندانە لە ژیان نەماون، هەندێکی دیکەیان کارەکانیان بە گوێ ئەنجام داوە و ژەندووە.
3. ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندان لە ڕێگای تۆمارکردن و کلیپکردنی بەرهەمەکانیان.
4. ئەرشیفکردنی بەرهەمی هونەرمەندان و بەرز ڕاگرتنیان.

5. دابینکردنی شوێن و سەنتەری پێویست و ئەکادیمی بۆ فێرکردنی ئەم ئامێرانە.

6. دابینکردنی ئامێریی پێویست و ستۆدیۆی پێشکەوتوو بۆ تۆمارکردنی کاری هونەری.

7. زیاد کردنی ناوەندکان و خولەکانی فیرکردنی هونەری موزیک و ڕێگا خۆشکردن بۆ هاندانی خەڵک.

## 4.3 پێشنیار

1. دەزگا ئەکادیمییەکانی خوێندنی موزیک بۆ چەند ساڵێک مامۆستای کارامە و ئەکادیمی ئەم ئامێرانە بهێننە کوردستان تاکو یەک جیلی ئەکادیمی ژەنیاری ئەم ئامێرانە دورست دەبن.

## 4.4 لیستی سەرچاوەکان


**ئەحمەد، وریا، ئامێرەکانی موسیقای کوردی**، 1989 .

**پیربالَ، فەرهاد، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس**، 2010 .

**حەمەباقی، محمد، مێژووی موزیکی کوردی ،چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد**، 2009 .

----------، **موزیك و گۆرانی کوردی ،چاپی یەکەم ،دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد**، 2011 .

**زامدار ،محمود، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کورد**،1980

**گۆڤارەکان: -**

**ئەحمەد، وریا، چلاوا ز ژمارە**40**، بەرایی ، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد**، 2009.

**سۆڤ، کەریم، گۆڤاری رامان ژمارە** 52 ، 2000 ،**لا** 90.

**هاواری ، سەفەر کەریم، چلاواز ژمارە** 50، **شمشالَ لە هەورەماندا**،.. 2010 ، **لا**42

**هەورامی، رەشید ، کۆڤاری هەندرێن ، لا** 78–79.

**هەورامی، دارا محمد عوسمان ، چلاواز ژمارە** 27، **دەزگای موزیك و كەلەپوری كورد ،    ئایا ئامێری شمشاڵ كەی و لە كوێیوە هاتووە**2 ، 2008 **گۆڤاری خاك**، 2001،

**چاوپێكەوتنەكان:**

ئەحمەد.وریا، (2024)،21. February ، گفتوگۆی تۆمارکراو لە مۆڵگەی تیپی زیروبەم لە هەولێر.

باڵەبان.ئومێد، (2024)،24. February ، گفتوگۆی تۆمارکراو لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیک لە هەولێر.

مەرجان. وشیار، (2024)،21. April ، گفتوگۆی تۆمارکراو لە چالاکی قوتابخانەکان  لە هەولێر.

خەیلانی.فەرمەند، (2024)،21. March ، گفتوگۆی تۆمارکراو لە هەولێر.